**#1 New York Times Best Seller**

# جێگای نووستنەکەت ڕێکبخە

## شتانێکی بچووك كە دەتوانن ژیانت بگۆڕن وە لەوانەیە تەواوی جیهان بگۆڕن

ئەدمیراڵ: ویلیام هاری مەك.ڕەیڤن
(خانەنشینی هێزی دەریایی ئەمریکا)

وەرگێڕان: میلاد ئالان

# جێگای نووستنەکەت ڕێکبخە

شتانێکی بچووک کە دەتوانن ژیانت بگۆڕن
وە لەوانەیە جیهان بگۆڕن

ئەدمیراڵ ویڵیام هاری مەک.ڕەیڤن

(خانەنشینی هێزی دەریایی ئەمریکا)

وەرگێڕان:میلاد ئالان حەسەن

ناوی کتێب:جێگاکەت ڕێکبخە

نووسەر:ویلّیام هاری مەک.ڕەیڤن

وەرگێران:میلاد ئالان حەسەن

دیزایینی بەرگ: میلاد ئالان حەسەن

بابەت:کۆڵنەدان

چاپخانە:چاپخانەی گەنج

چاپی یەکەم:٢٠٢٢

تیراژ:١٠٠٠

نرخ: ٣٠٠٠

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی( ١٧٨٧ ) ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە

# پێڕست


بۆ سێ منداڵەکانم.............................................. ٤

پێشەکی.................................................... 5

وانەی یەکەم:ئیشی ئەمڕۆ مەخەرە سبەینێ ......................... 7

وانەی دووەم:بەتەنیا دەرەقەتی نایەیت.......................... ١٥

وانەی سێیەم:تاکە شت کە گرینگە قەبارەی دڵی تۆیە ........ ٢٤

وانەی چوارەم:ژیان دادپەروەر نییە-بەردەوامبە لە ڕۆیشتن.. ٣٥

وانەی پێنجەم:شکست دەبێتە هۆی بەهێزتر بوونت........... ٤٢

وانەی شەشەم:دەبێت بوێریەکی زۆرت هەبێت................... ٥٣

وانەی حەوتەم:لەدژی چەوسێنەرەوەکان بوەستە............. ٦٠

وانەی هەشتەم:لە بارودۆخەکەدا هەستەوە.................... ٦٧

وانەی نۆیەم:ئومێد بدە بە کەسانی تر........................ ٧٤

وانەی دەیەم:هەرگیز کۆڵمەدە! ............................... ٨٤

زانکۆی تێکساس:وتاری ئاهەنگی دەرچوون........................٩٢

وەرگێڕ..................................................١٠٩

بۆ سێ منداڵەکانم: بیڵ ،جۆن ،کێڵی. هیچ باوکێك ناتوانێت ئەوەندە شانازی بە منداڵەکانیەوە بکات ئەوەندەی من شانازی بە ئێوەوە ئەکەم ،هەموو ساتێکی ژیانم باشتر بووە چونکە ئێوە لەم دنیایەدا هەن ،وە بۆ هاوسەرەکەم،جۆرجیان باشترین هاورێم ئەو کەسەی وایکرد هەموو خەونەکانم بشێن بێنەدی،من لەکوێ دەبووم بەبێ تۆ؟؟؟؟

## پێشەکی

ڕۆژی حەڤدەیەمی مانگی پێنجی ساڵی ٢٠١٤،شەرەفمەند بووم کە لە ئاهەنگی دەرچووانی زانکۆی تێکساس لە ئاستین وتارێکم پێشکەشکرد،ئەگەرچی خۆشم هەر ئەم زانکۆیەم تەواوکرد،بەڵام نیگەران بووم کە وتەکانی جەنەراڵێکی جەنگ کە تەمەنی خۆی لە جەنگدا بەرێکرد زۆر پێشوازی لێنەکرێت لەلایەن خوێندکارانەوە،بەڵام کاتێک بینیم ئەوان بە جۆش و خرۆشەوە ئامادەی بیستنی وتارەکەمن،بێ کۆتا سەرمسوڕما،دیاربوو ئەو دە وانەیەی لە ڕاهێنانەکانی هێزی دەریایی فێربووم،شێوازی دەربڕینەکانی منیان دەستنیشان دەکرد،بووە جێگای سەرنجدانی کۆمەڵەیەکی زۆر،ئەم وانە و ئەزموونە سادانەم لە ڕاهێنانەکانی هێزی دەریایی بەدەستهێناوە،وە هەر دە وانە لەبەردەم ئاستەنگەکانی ژیان گرینگی یەکسانیان هەیە،ئەوە گرینگ نییە لەچی قۆناغێکی ژیاندایت و لەچی پێگەو شوێنێکدایت لەناو کۆمەڵگادا،لە سێ ساڵی ڕابردوودا چەندین و چەندین جار خەڵک ڕێگایان لێ گرتووم بۆ ئەوەی چیرۆکی خۆیان بۆمن باس بکەن،کە چۆن لەبەردەم قرشەکان کۆڵیان نەدا،چۆن زەنگە گەورەکەیان لێنەداوە و یاخود چۆن هەموو ڕۆژێک بەیانیان ڕێکخستنی شوێنی نوستنیان لە بارودۆخە سەختەکاندا یارمەتیان

داوە،هەموویان دەیانویست زیاتر دەربارەی ئەوە بزانن کە چۆن ئەم دە وانەیە ژیانی منیان پێکهێناوە و حەزیان دەکرد ئەو کەسانە بناسن کە لە سەردەمی پیشەگەریمدا ئیلهام بەخشم بوون،ئەم کتێبە بچوکە هەوڵێکە بۆ ئەنجامدان(ئەرک)،لە هەر بەشێکدا،نووسینێکی کورتی تێدایە کە گوزارشت لەم وانانە دەکات و هەروەها چیرۆکێکی کورتیش دەربارەی یەکێک لەو کەسانەیە کە بە بنەما و خۆڕاگری و شەڕەف و ئازایەتیانەوە ئیلهام بەخشی من بوون،هیوادارم خۆشی لە خوێندنەوەی ئەم کتێبە وەرگریت!

# وانەی یەکەم
# ئیشی ئەمڕۆ مەخەرە سبەینێ

ئەگەر دەتەوێت جیهان بگۆڕیت لە
ڕێکخستنی جێگاکەتەوە دەستپێبکە

سەربازگەی مەشقی سەرەتایی هێزی دەریایی،بینایەکی پێناسەنەکراوی سێ نهۆمیە کە کەوتۆتە کەنار دەریایی کۆرۆنادۆی کالیفۆرنیا[١]،تەنیا بە مەودایی سەد یاردی (٩١ مەتر)ی زەریایی هێمن،لێرە هیچ فێنککەرەویەك لە بیناکەدا نییە و شەوان کاتێك پەنجەرەکان کراوەن دەتوانی گوێت لە هەڵکشان و داکشانی ئاوەکە بێت کاتێك بەر لمەکان دەکەون،ژوورەکانی سەربازگەکە هیچ جوانیەکیان نییە.لە ژووری ئەفسەرەکان لەگەڵ سێ لە هاوپۆلەکانی ترم لەوێ دەخەوتم،چوار تەختی نوستن و یەك دۆلابی لێبو بۆ هەڵواسینی جلە تایبەتیەکانی هێزی دەریایی و هیچی تر،ئەو بەیانیانەی لە سەربازگەکە دەمامەوە.لە تەختی نوستنی تایبەتی هێزی دەریاییم خێرا دەهاتمە دەرەوە و یەکسەر دەستم بە ڕێکخستنی شوێنی نوستنەکەم دەکرد،ئەمە یەکەمین ئەرکی ڕۆژەکە بوو،ڕۆژێك کە دەمزانی پڕ لە پشکنینی ڕێك و پێکی جلەکان و مەلەکردنێکی زۆر و ڕاکردنێکی زۆرتر،ڕێڕەوی پڕ لە بەربەست و هەراسانکردنەکانی ڕاهێنەرەکانی هێزی دەریایی بوو. کاتێك ڕابەری پۆلەکە،ئەفسەری یەکەم دانێڵ ستیوارد[٢]،بەرپرسی ڕاهێنان هاتە ژوورەوە و هاواری کرد (سەرنج!) لەلای جێگاکەم وەستابووم و پاژنەکانم جووتکردن و ڕێك وەستام تاکو سەرۆکی ئەفسەرە پلە نزمەکان لێم نزیك بوویەوە،ڕاهێنەرەکە سەختگیر و بێهەست بوو دەستیکرد بە

١.coronado,California
٢.Dan’l steward

پشـــكنینی جله تایبەتیەكانم تاكو دڵنیا بێت بە ڕێك و پێكی بەســتراوە،بە ســەیركردنێك كە لە ســەرەوە تاكو خوارەوەی جەســتەم جله تایبەتیەكانمی ئەپشــكنی،ئایا خەتی ئوتووی كەراسەكە و پانتۆڵەكە دروست و ساف بوو؟ ئایا مسی سەر پشـتێنەكەم لە خاوێنیان تیشـكی ئەدایەوە وەكو ئاوێنە؟ ئایا جزمەكانم بەباشی سبوخكراو و درەوشاوە بوون،بەشێوەیەك كە وێنەدانەوەی پەنجەكـانی تێدا ببینێتەوە؟ ئەو ڕازیبوو لە جێبەجێكردنی  پێوانە بەرزەكـانی ڕاهێنراوێكی دەریـایی كە لێی چاوەڕێ دەكرا و من ئەنجامم دا،ڕۆیشــت تاكو پشــكنین بۆ شوێنی نوستنەكەم بكات،تەختی نوستنەكەشـــــم وەكو ژوورەكە سـادەبوو،هیچ شـتێك نەبوو جگە لە چوارچێوەیەكی كانزایی كە دۆشـــەكێكی لەســـەربوو،ســـەرچەفێك لەژێر دۆشـــەكەكە بوو و دانەیەكیش لەســـەر دۆشـــەكەكە بوو، بەتــانیەكی خووری خۆڵەمێشـــی كە بە تـوونـدی لەژێر دۆشەكەكە پێچرابۆوە گەرمی بۆ دۆشەكەكە دابین دەكرد لە شەوانی ساردی سان دیێگۆ[١]،بەتانی دووەم كە بە شارەزاییانە بەشـــێوەیەی لاكێشـــەیی لە بەشـــی خوارەوەی تەختی نووستنەكە دانرابوو،سەرینێكیش كە دروستكراوی كۆمپانیای لایت هـاوس ئۆف ذە بلاینـد[٢] بوو،لە نـاوەڕاســـتی تەختەكە دانرابوو كە گۆشـــەی نەوەدی لەگەڵ بەتانیەكە دروســـت دەكـرد،ئەمە پـێـوانەكــان بــوون،ئەگەر ئەم پـێـوانــانەم جێبەجێنەكردبایە ناچار دەبووم خۆم لە ئاوەكە دابا و پاشان

١. San diego
٢. Lighthouse of the blind

بە ڕاکشـــاوی ئەوەندە خۆم لە لمەکە وەردابا و ســـەرەوە تا خوارەوەم ئەبوو بە لم، ئەبووم بە شتێك کە وەکو (کولیچەی بە شەکر) وابوو.

بێ جوڵە وەســتابووم و دەمتوانی لە گۆشـــەی چاوەکانمەوە ڕاهێنەرەکە ببینم،بە مـانـدویەتییەوە ســـەیری جێگـای نوســتنەکەی کردم،خۆی چەماندەوە و ســەیری گۆشــەکانی تەختەکەی دەکرد و پاشــان ســەیری بەتانی و ســەرینەکەی کرد تاکو دڵنیابێت بەباشـــی ڕێکخراون،پاشـــان دەســـتی بۆ بـاخەڵی برد و دراوێکی کـانزایی دەرهێنـا و چەنـدین جـار فڕێیدایە هەوا تـاکو دڵنیام بکاتەوە کە کاتی تـاقیکردنەوەی کۆتایی جێگای نووســـتنەکە هاتووە،لە کۆتا هەڵدانـدا دراوە کـانزاییەکەی فڕێـدایە هەواو بەرزبوویەوە و کەوتە ســـەر دۆشـــەکەکە کـاتێـك بەر دۆشـــەکەکە کەوت ئەوەنـدە بەرزبـوویەوە کە ڕاهـێـنەرەکە تـوانـی بە دەســـــتەکـانـی بیگرێتەوە،ســـەری ســـوڕاند تاکو من ببینێت و ســـەیری چـاوەکـانـی کـردم و بە ئـاڕاســـتەی ڕازیـبوون ســـەری لەقاند،هەرگیز یەك وشەشی نەدەگوت لەسەر ئەوەی شوێنی نوســتنەکەمم بە دروســتی ڕێکخســتبوو،هیچ شـانسـێك بۆ وەرگرتنی پاداشــت نەبوو،چونکە ئەوە شــتێك بوو کە لەمن چاوەڕێ دەکرا،ئەمە یەکەمین ئەرکی هەموو ڕۆژێکم بوو وە ئەنجامدانی بە دروستی زۆر گرینگ بوو،ئەمە ڕێك و پێکی

منی پێشان دەدا،ئەمە گرینگیدانی منی پێشان دەدا بەرامبەر وردەکاریەکان وە لە کۆتایی ڕۆژەکەدا بیری ئەهێنامەوە کە شتێکم بە دروستی و ڕێکوپێکی ئەنجام داوە،شتێك کە شانازی پێوە ئەکەم گرینگ نییە کە چەند بچوکە ئەرکەکە، بە درێژایی ژیانم لە هێزی دەریاییدا ڕێکخستنی جێگای نووستنم ئەرکێکی جێگیر و هەمیشەیی بوو کە هەموو ڕۆژێك دەمتوانی پشتی پێ ببەستم،وەکو دەریاوانێکی گەنج لەناو کەشتی ژێردەریایی یو ئێس ئێس گرەیباك[١] لە دەرمانخانەکە،کە تەختی نووستنی چوار قاتی لێبوو دەمامەوە،دکتۆرێکی پیری ژیرکەڵە دەرمانخانەکەی بەڕێوەدەبرد داوای دەکرد هەموو ڕۆژێك بەیانیان کەل و پەلەکانم ڕێکبخەم،ئەو زۆرجار دەیگوت ئەگەر تەختی نووستنەکەمان ڕێکنەخرابێت و ژوورەکە خاوێن نەبێت چۆن دەریاوانەکەن چاوەڕێی باشترین چاودێری پزیشکی دەکەن؟ دواتر بۆم دەرکەوت ئەم هەستی خاوێنی و ڕێك و پێکی لە هەموو چوارچێوەکانی ژیانی سەربازی جێبەجیدەکرێت.

سی ساڵ دواتر،بورجە دووانەکان لە نیویۆرك هێندرانە خوارەوە،پێنتاگۆن[٢] لێیدرا و لە پەنسلڤانیا[٣] ئەمریکییە ئازاکان لەناو فڕۆکەدا مردن،لە کاتی هێرشەکاندا من لە ماڵەوە لەحاڵەتی چاکبوونەوە دابووم کە بەهۆکاری ڕووداوی کەوتنە خوارە بە پەڕشووت بەسەرم هاتبوو،تەختێکی نووستنی

١. Uss grayback
٢. Pentagon (وەزارەتی بەرگری ئەمریکا)
٣. pennsylvania

نەخۆشـــخانەیـان بۆ ژوورەكەم هێنـابوو،زۆربەی ڕۆژەكـانم لەسەر پشتم پاڵدەكەوتم تاكو چاكببمەوە،زیاتر لەهەر شتێك دەمویســـت لەم تەختە بێمەدەرەوە،وەكو هەر دەریـاوانێـك دەمویســـت لەگەڵ هـاوشـــانە جەنگاوەرەكانم بجەنگم،لە كۆتاییدا كاتێك دەمتوانی هەڵبســـتمەوە لەســـەر تەختەكە بەبێ یـارمەتی،یەكەمین شـــت كە دەمكرد ئەوە بوو كە سەرچەفەكە بەتووندی لەسەر تەختەكە ڕابكێشم سەرینەكە ڕێكبخەم دڵنیـا دەبوومەوە كە تەختی نەخۆشـــخـانەكە بۆ هەموو ئەوانەی كە دەهـاتنە مـاڵەكەم شـــێوەیەكی جوانی هەیە،ڕێگـایەك بوو كە پێشـــانم دەدا زاڵبووم بەســـەر پێكانەكەم و لەگەڵ ژیان بەرەو پێشەوە دەڕۆم.

چوار هەفتە دوای ڕووداوەكـانی یـازدەی ســـێپتێمبەر (بورجە دووانەكان) گوازرامەوە بۆ كۆشكی سپی كە دوو ساڵم لەوێ بەســـەربرد لە فەرمـانگەی بەرەنگـاربوونەوەی تیرۆریزم كە تازە دامەزرابوو،لە مانگی دە ی ٢٠٠٣وە  لە بارەگای كاتیمان لە فرۆكەخـانەی بەغـدادی عێراق بووم،یەكەمین مـانگەكـان لەسەر تەختی سەربازی دەنووستم لەناو كیسە خەوێكدا،بەم حاڵەوە هەموو ڕۆژێك بەیانی كیسە خەوەكەم خڕدەكردەوە و ســەنیرەكەم لەســەرەوەی تەختەكە دادەنا و ئامادەی ڕۆژەكە دەبووم.

هێزەکـانی نەتەوە یەکگرتووەکـان لە مـانگی ١٢ ی ٢٠٠٣، سـەدام حوسـێنیان[١] دەسـتگیر کرد،ئەو کاتانە ئەو زیندانی ئێمە بوو کە لە ژوورێکی بچووکمان زیندانی کردبوو،ئەویش لەسـەر تەختێکی سـەربازی لەناو کیسـە خەوێکدا دەنووسـت بەڵام سـەرچەفێك و بەتانیەکی گرانبەهاشـی هەبوو،ڕۆژانە جارێك سەرم لە سەدام ئەدا تاکو دڵنیا بمەوە سەربازەکانم بەباشـی گرینگی پێدەدەن،دووچـاری کەمێـك هەسـتی سـەرلێشـێواوی دەبووم کە سـەدام جێگای نووسـتنەکەی ڕێکنەخسـتووە،سـەرچەفەکـان لولـدرابوون،ئەو گوێی بە ڕێکخستنی ئەمانە نەدەدا.

لەماوەی دە سـاڵ دواتر،شـەرەفمەند بووم کە کارم لەگەڵ باشـترین پیاوان و ژنانی ئەم سـەرزەمینە کردووە کە تاکو ئێسـتـا بەرهەمی هێنـاوە لە جەنەڕاڵەکـانەوە تـاکو سـەربازەکان،لە ئەدمیرڕاڵەکانەوە تاکو ئەو دەریاوانانەی تازە دامەزراون،لە باڵیۆزە پلە بەرزەکانەوە تاکو سـکرتێرەکان،ئەو ئەمریکیـانەی کە لە پـانتـایی دەریـاکـان جێگیربوون بۆ پارێزگاریکردن لە جەنگ کە بە حەزی خۆیان بۆ ئەم مەیدانە هـاتوون بۆ پـارێزگـاریکردن لەم میلەتە گەورەیە قوربـانیـان داوە.هەموو ئەوانە دەزانن کە ژیان سـەختە،هەندێکجار بە ئەنجامدانی شـتانێکی بچوك کاریگەریان ئەبێت لەسـەر ئەنجامی ڕۆژەکەت،لە ڕووبەڕووبوونەوەکان سەربازەکان

١. Saddam hussain

دەمرن،خانەوادەکان جەرگ سووتاو دەبن و ڕۆژەکان درێژتر و پڕ لە دڵەڕاوکێ دەبن،تۆ بەدوای شــــتێکـدا ئەگەڕێـیـت کە ئـارامیـت پێبـدات،شــــتێـك کە هــانــت بــدات ڕۆژەکەت دەسـتپێبکەیت و هەسـتی شـانازیت پێبدات لەم جیهانەدا کە زۆربەی جـارەکـان نـاشـــرینە،بەڵام ئەمە تەنیـا لە جەنگـدا نییە،بەڵکو لە ژیانی ڕۆژانەماندایە کە پێویستی بەم هەستی دروستکردنەیە،هیچ شتێك ناتوانێت جیگرەوەی هێز و ئارامی ئیمانی کەسێك بێت،بەڵام کردارێکی سادە وەکو ڕێکخستنی شــــوێنی نووســــتنەکەت دەتوانێـت هێزێکی پـاڵنەرت پێ ببەخشێت بۆ دەستپێکردنی ڕۆژەکەت وە هەستی ڕازیبوونت پێ ببەخشێت کە بە ڕێکی کۆتاییت پێ‌هێناوە.

ئەگەر دەتەوێت ژیانت بگۆڕیت وە لەوانەیە جیهان بگۆڕیت،لە ڕێکخستنی جێگای نووستنەکەتەوە دەستپێبکە.

# وانەی دووەم
# تۆ بەتەنیایی دەرەقەتی نایەیت

ئەگەر دەتەوێت جیهان بگۆڕیت
کەسێک بدۆزەوە لە سەوڵ لێدان یارمەتیت بدات

من له سـەرەتاكانی ڕاهێنانی هێزی دەریایی دا فێری بەهای كاری بە كۆمەڵ بووم و هەروەها پشـت بەسـتن بە كەسـێك كە بتوانێـت يـارمەتيـت بـدات لە ئەركە سـەختەكـانـدا،بە مەبەستی فێربوونی ئەم وانە گرینگەی ژیانمان  بۆ ئێمە كە تـازەكـار بووین هیوامـان دەخواسـت ببین بە دەریـاوانێكی لێهاتوو،كارمان بە بەلەمێكی سێ مەتری دەكرد.

له تەواوی قۆنـاغەكـانی ڕاهێنـان،دەبوو بەلەمەكەمـان لەگەڵ خۆمان ببەین،لەسەر سەری خۆمان دادەنا و لە سەربازگەكەوە ڕامان دەكرد،لە ڕێگای سەرەكیوە دەڕۆیشتین تاكو بگەین بە هۆڵی نـانخواردن،ئەومـان بەشـیوەیەك هەڵدەگرت كە هەر یەكەو لایەكی گرتبوو تـاكو بتوانین لە تەپۆڵكە لمیە بەرز و نزمەكـانی كەنـار دەریـایی كۆرۆنـادۆ ڕابكەین،ئێمە لەسـەر بەلەمەكە لە ڕێگایەكی نەبڕاو لە باكوورەوە تاكو باشـوور لە نزیك هێڵی كەنار دەریایی بەناو شـەپۆلەكاندا سـەوڵمان لێدەدا،حەوت پیاو كە بەشـێوەیەكی بەردەوام كاریان لەگەڵ یەكتر دەكرد تاكو بەلەمەكە بگەیەنن بە جێی مەبەست.

بەڵام ئێمە شـتێـك فێربووین لە گەشـتەكەمـانـدا بە بەلەمەكە،هەنـدێكجـار یەكێـك لە تـاقمی كۆمەڵەكەمـان نەخۆش دەكەوت یان پێكان دەبوو،نەیدەتوانی تەواوی توانای خۆی بەكاربێنێت،من زۆرجار تووشـی شـەكەتی یان هەڵامەت دەبووم لە ڕاهێنـانەكـانـدا،لەم ڕۆژانەدا كەسـانی تر وەكو

هێزی یارمەتی دەستنیشان دەکران،ئەوان بە هێزێکی زیاتر سەولیان لێدەدا،ئەوان قوڵتر خەندەقیان لێدەدا،ئەوان وزەی زیادەی خۆیان بەکاردەهێنا بۆمن،وە دواتر لە ڕاهێنانەکاندا من چاکەی ئەوانم دەداوە،بەلەمێکی بچووك فێری کردین کە هیچ کەسێك ناتوانێت لەماوەی ڕاهێنانەکاندا بەتەنیا بەلەمەکە لێخوڕێت،هیچ فەرماندەیەکی هێزی دەریایی لە مەیدانی جەنگدا سەرکەوتوو نابێت بەتەنیا،ئەگەر چاومان بکەینەوە لە ژیاندا پێویستت بە کەسێك دەبێت تاکو یارمەتیت بدات لە ڕۆژە سەختەکاندا.

هەرگیز ئەوەندەی بیست و پێنج ساڵ دواتر بۆم ئاشکرا نەبووە کە چەندە پێویستیم بە یارمەتی کەسانی ترە کاتێك بووم بە فەرماندەی تەواوی هێزی دەریایی لە ڕۆژئاوای ئەمریکادا،من سەرکردەی هێزی تایبەتی دەریایی وان[١] بووم لە کۆرۆنادۆ،من بۆ چەندین دەیە سەرکردایەتی هێزی دەریاییم کردووە لە سەرتاسەری جیهاندا.

وەکو هەموو جارێك بۆ ئەنجامدانی بازدانی هەمیشەیی بە پەرەشووت تووشی ڕووداوێکی زۆر خراپ بووم،ئێمە لەناو فڕۆکەی هێرکولیس سی-١٣٠ بووین بە بەرزایی دوازدە هەزار پێ خۆمان ئامادەیی بازدان دەکرد،لە پشتەوەی فڕۆکەکە دەمان توانی سەیری ڕۆژێکی جوان بکەین لە کالیفۆڕنیا،هیچ هەورێك لە ئاسمان نەبوو،زەریایی

١. one

هێمن،هێمن و ئارام بوو،لەو شـــوێنەیی کە ئێمە لێی بووین چەند کیلۆمەترێك ئەولاتر دەتتوانی ســـنووری مەکســـیك ببینیت،فەرماندەی بازدان هاواری کرد ((ئامادەبن!))،ئێستا کە لەسەر لێواری دەرگای پشتەوەی فڕۆکەکە وەستاوم دەمتوانی ڕاســـتەوخۆ ســـەیری خووارەوە بکەم، فەرماندەیی بازدانەکە ســـەیری چاوەکانمی کرد خەندەیەکی کرد و هاواری کرد ( بـڕۆ،بـڕۆ،بـڕۆ!!!) وە مـنـیـش خـۆم بـۆ دەرەوەی فـڕۆکەکە هەڵدا،دەســتەکانم بە تەواوی کردبوونەوە و قاچەکانیشـم بۆ پشـتەوە ڕۆیشـتن،ئاڕاسـتەی بای جوڵەیی فڕۆکەکە منیان بۆ پێشـــەوە دەبرد بەڵام بە دەســـتەکـانم توانیم کۆنترۆڵی ئاڕاسـتەکە بکەم.خێرا سـەیری بەرزی پێوەکەم کرد وە دڵنیا بوومەوە کە لە حەڵەتی خولانەوەو لەدەســـتـانی کۆنترۆڵـدا نیم،سەیری چواردەوری خۆمم کرد تاکو دڵنیابم هیچ یەکێك لەو کەســـانەی کە لەگەڵ من خۆیـان هەڵـدا لە نزیکم نین،بیسـت چرکە دواتر گەیشـتمە بەرزی پێنج هەزار و پێنج سەد پێ،لەناکاو سەیری خوارەوەم کرد کە کەسێکی تر لەژێر من ڕۆیشـــــت و ڕێگـای منی بۆ شـــوێنی نیشـــتنەوە پچڕاند،دەمتوانی ببینم کە پەڕەشـــووتەکەی لە جانتاکەیەوە دێتە دەرەوە،خێرا دەستەکانم بەخۆمەوە نووساند و سەریشم بۆ خوارەوە ئاڕاسـتەکرد تاکو دووربکەومەوە لە بەرکەوتن بە پەڕەشـــوتەکەی ئەو،زۆر درەنگ بوو،پەڕەشـــوتەکەی ئەو بە خێرای دوو سەد کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا

وەکو کیســـەیەکی هەوا کرایەوە و بەرمن کەوت،کۆنترۆڵی خۆمم لەدەســـتدا و پەرت بووم بەزەحمەتی بەئاگا بووم،لە چەند چرکەیەکدا چەندجارێك بەدەوری خۆمدا دەخولامەوە و هەوڵم دەدا تاکو جێگیر ببمەوە،نەمدەتوانی ســـەیری بەرزی پێوەکەم بکەم و نەمــدەزانی چەنــد لە زەویەوە نزیکم،بە شـــێـوەیەکـی هەڕەمەکـی تـوانـیـم پەتـی کـردنەوەی پەڕەشـووتەکە بدۆزمەوە و ڕایبکێشـم،پەڕەشـووتی دووەم کە لە دواوەی پەڕەشـــووتە ســـەرەکیەکە بوو هـاتە دەرەوە و بەدەوری قـاچـێـکـم ئـاڵا،وە بەردەوام بــووم لە کەوتــنە خوارەوە،هەوڵم دەدا گرێیەکە بکەمەوە،بـارودۆخەکە خراپتر بوو،پەڕەشـــووتە ســـەرەکیەکە نیوە کرابووە بەڵام ئەویش بەدەوری قاچەکەی ترم ئاڵا،بە ڕاکێشـانی ملم بەرەو ئاسـمان دەمـتـوانـی بـبـیـنـم کە هەردووك قــاچەکــانـم بە پەتـی پەڕەشووتەکان بەسترابوونەوە،پەتێکی نایلۆنی درێژ کە هی پەڕەشـــووتە ســـەرەکیەکە بوو بە قاچێکم بەســـترابووە،وە یەکـێـك لە پەتـکەکـانـی تـر بە دەوری قــاچەکەی تــرم بەســترابووە،پەڕەشــووتە ســەرەکیەکە بەتەواوی لە جانتاکە هاتبوو دەرەوە بەڵام بە شــوێنێکی جەســتەمەوە ئاڵابوو،من لەناکاو هەستم کرد پەڕەشووتی دووەم هێواشـم ئەکاتەوە و خەریکە دەکرێتەوە،ســـەیری قاچەکانمم کرد و زانیم دواتر چی ڕوودەدات. لە چەند چرکەیەکدا،پەڕەشـووتی دووەم پڕ لە هەوا بوو،ئەو پەتــانەی بەدەوری هەر یەك لە قــاچەکــانم

ئـالآبوون لەنـاكـاو كرانەوە و بە تونـدی قـاچەكـانمیـان ڕاكـێشــا،پەسـتـانـێكـی زۆر وایـكـرد كە حەوزم لـێـك جیاببێتەوە،هەزاران ماسولكەی بچوك كە حەوزیان بەستۆتەوە بە جەستەوە لە بەستەرەی خۆیانەوە پچڕان.لەناكاو هاوارێكم لێ هەسـتـا كە دەتوانـدرا لە سـنووری مەكسـیـك بیسـترابـا،ئـازارێكی زۆرم لە جەسـتەمـدا هەسـت پێدەكرد،شـەپۆلی ئازار بەرەو خوارەوەی حەوزم و پاشـان بەرەو سەرم دەڕۆیشت،ڕەقبوونی ماسولكەكانم كە زیاتر لە قۆڵەكان و قاچەكانم بوو زۆر ئازاری دەدام،ئێسـتا وەكو ئەوە وایە كە لە جەسـتەم جیابوومەتەوە،بە هاواركردنەكانی خۆم بەئاگا بووم و هەوڵمدەدا كۆنترۆڵی بكەم،بەڵام ئازارەكە زۆر قورس بوو،هێشـتـا سـەرم بەرەو خوارەوەبوو هەروەهـا بەخێرایەكی زۆریش ئەكەوتمە خوارەوە،خۆم بەرەو سـەرەوە سـوڕاندەوە و توانیم پەسـتانی سـەر پشـتم و حەوزم كەمتر بكەمەوە،٤٥٠مەترم مـابوو تـاكو بگەمە زەوی،من پێش كردنەوەی پەڕەشـووتەكە هەزار و دووسـەد مەتر لە حاڵەتی كەوتـنەخـوارەودا بـووم،هەواڵە خـۆشـەكە ئەوەیە كە پەڕەشـووتی دووەم بەتەواوی لەسـەر سـەرمە و هەواڵە ناخۆشـەكەش ئەوەیە كە تووشـی شـكان بووم بەهۆی كردنەوەی پەڕەشـووتەكە،من نزیكەی چوار كیلۆمەتر دوورتر لە شـوێنی نیشـتنەوە نیشـتمەوە،لە چەنـد خولەكێكـدا كارمەندانی شوێنی نیشتنەوە و ئۆتۆمبێلێكی فریاگوزاری

گەیشـــتن،من گەیەندرامە نەخۆشـــخانەیەکی تراوما (زەبری دەروونی) لە باشـــووری شـــاری ســـان دییگۆ،ڕۆژی دواتر نەشـــتەرگەریم بۆکرا،ئەم ڕووداوە نزیکەی ســـێزدە ســـانتی مەتر حەوزمی لێك جیاکردبووە،ماســـولکەکانی ســـکم لە ئێســـقانی حەوزم جیاببوونەوە،ماســـولکەکانی پشـــت و قـاچەکـانیشـــم زۆر زیـانیـان بەرکەوتبوو بەهۆی زەبری کردنەوەی پەڕەشـــووتەکە،پارچەیەکی پلاتینی گەورە لەناو حەوزم و دانەیەکی تریش لەناو پشتم جێگیر کرا.پێ دەچێت کە ســـەردەمی پیشـــەگەریم کۆتـایی پێهـاتبێت،بۆئەوەی فەرمـانـدەیەکی کـاریگەری هێزی دەریـایی بیـت ئەبێـت ئامادەیی جەستەییت تەواوبێت،چاکبوونەوەم چەندین مانگی پێدەچوو لەوانەیە چەندین ســـاڵ،وە لێژنەیی هێزی دەریایی دەبوو ســـەلامەتی و تەندروســـتی منی بۆ بەردەوامبوونم لەسـەر ئەرکەکەم پشـکنیبا،حەوت ڕۆژ دواتر لە نەخۆشـخانە هاتمە دەرەوە بەڵام دوو مانگ لە ماڵەوە لەسـەر جێگابووم،لە تەواوی ژیانمدا هەســـتی نەبەزێندراوم هەبوو،بڕوام هەبوو کە تواناکانی وەرزشـیم دەتوانن دەرەقەتی هەر بارودۆخێکی سـەخت بێن تاکو ئەم کاتە.بیرکردنەوەکەشـم تەواو بوو،زۆر جار لەماوەی پیشـــەگەریم ڕووبەڕووی ڕووداوی مەترســـیدار بوومەتەوە،بەرکەوتنی تر بە پەڕەشووت،کەوتنەخوارەوەی بێ کۆنترۆڵ و بێ هاوســـەنگی بە ژێردەریایی بچووك،کەوتنە خوارەوەی دەیان مەتری لەســـەر کێڵگەی نەوتی،گیرخواردن

لەژێر بەلەمێکدا لەکاتی نقوومبوون،تەقینەوەی پێشـوەختە و زۆریـتـر،ڕووداوێـك کە نـێوان مەرگ و ژیـان تەنـیـا یەك چرکەیە،هەموو جارێك بارودۆخەکەم بەشـــێوەیەك کۆنترۆڵ دەکرد،وە هەرجارێك لەڕووی جەســـتەیەوە تەواو ئامادەبووم تاکو بەسـەر ئاسـتەنگەکاندا زاڵبم،ئەمجارە نا،ئێسـتا لەسـەر تەختەکەم کەوتووم و هەموو ئەوەی هەســـتی پێـدەکەم بەزەیی هـاتنەوەیە بەخۆم،بەڵام ئەم بـارودۆخە زۆر درێژەی نەدەکێشـــا،هاوســـەرەکەم جۆرجیان[1] ئەرکی گرینگیدانی بەمنی هەڵـدەگرت،ئەو برینەکـانمی پـاکـدەکردەوە،دەرزی ڕۆژانەی لێدەدام،وە دەفری سـەرئاوکردنمی دەگۆڕی،بەڵام لە هەمووی گرینگتر،ئەو بیری دەهێنـامەوە کەمن کێبووم،من هەرگیز لە هیچ شتێك کۆلم نەداوە لە ژیانمدا وە ئەو دڵنیای دەکردمەوە کە نـابێـت ئێســـتـا دەســـتپێبکەمەوە، ئەو نەیـدەهـێشــــت بەزەیـیم بەخـۆمـدا بـێتەوە، ئەم جـۆرە خۆشـــەویســـتییە بەهێزە بوو کە پێویســـتم پێی بوو،بە تێپەڕبوونی ڕۆژەکـان بـاشـــتربووم،هـاوڕێکـانم دەهـاتنە مـــاڵەکەم،بەبەردەوامـــی تەلەفـــۆنـــیـــان ئەکـــرد و هەر هاوکاریەکیان دەکرد کە لەدەســـتیان دەهات،بەڕێوەبەرەکەم ئەدمیراڵ (فەرماندە) ئێریك ئۆڵسن[2]،ڕێگایەکی بەکارهێنا کە بەپێی بـارودۆخی تەنـدروســـتیم بتوانم درێژە بە کـارەکەم بدەم لە هێزی دەریایی،پشتگیری ئەو ژیانی پیشەگەری منی ڕزگارکرد،بە درێژایی ماوەی کارکردنم لە کۆمەڵەکانی هێزی

١. Georgeann brady mc.raven
٢. Erik Olson

دەریایی،کێشـــەی زۆرم بۆ دروســـتبوون وە لەهەر جارێکدا کەســێك هاتۆتە پێشــەوە تاکو یارمەتیم بدات،کەسـێك کە بڕوای بە تواناکانی من هەبووە،کەســـێك کە توانـایەکی لەمنـدا دەبینی بەڵام لەوانی تردا نەیـدەبینی،کەســـێك کە ناوبانگی خۆی دەخستە مەترسـیەوە تاکو هاوکاریم بکات لە پێشـــکەوتنم لە کـارەکەمـدا،من هەرگیز ئەو کەســـانە لەبیرناکەم وە دەزانم هەرشـتێك کە بەدەسـتم هێنابێت لە ژیانمدا بە درێژایی ڕێگا ئەنجامی هاوکاری ئەوان بووە کە پێشکەشی منیان کردووە،هیچ کامێك لە ئێمە لەبەردەم کاتە ئازاربەخشـــەکانی ژیانماندا پارێزراو نین،وەکو ئەو بەلەمە بچووکە کە بنچینەی ڕاهێنـانی هێزی دەریـایی ئێمە بوو،پێویسـتە کە هەموومان کۆمەڵەیەك لە کەسانی باش و دروســـتمان لەگەڵ بێت بۆ گەیشـــتن بە جێگای مەبەســـتی ژیـانی خۆمـان،تۆ بەتەنیـا دەرەقەتـی ســـەوڵ لێـدان نایەیت،کەســـێك بدۆزەوە ژیانت لەگەڵ ئەو بەش بکەیت تا دەتـوانـی هـاوڕێ بـدۆزەوە و هەرگـیز لەبـیری مەکە کە سەرکەوتنی تۆ پەیوەستە بە کەسانی ترەوە.

# وانەی سێیەم
# تاکە شت کە گرینگە قەبارەی دڵی تۆیە

ئەگەر دەتەوێت جیهان بگۆڕیت هەڵسەنگاندن

بۆ کەسێک بکە بەپێی قەبارەی دڵی

من به پێڵاوی ژێرئاوی تایبەتیم کە لەژێر قۆڵی ڕاســتم بوو هەروەها ماســکی هەناســەدانم کە لەژێر قۆڵی چەپم بوو بەرەو کەنار دەریاکە ڕامکرد،کاتی پشــوودانی ســەربازی هاتبوو (جۆرە پشوودانێکە کە سەربازەکان ڕێك دەوەستن و دەسـتەکانیان لە پشـتەوە ڕادەگرن)وەرگێڕ ،پێڵاوەکانم لەسـەر لمە نەرمەکە دانا و بە شــێوەیەك جووتم کردن کە وەکو خێمەی هیندییە سـورەکان وابوو،قوتابیەکان لەلای ڕاسـت و چەپمەوە وەستابوون،تی شێرتی سەوز و پانتۆڵی مەلەکردنی خاکی و پێڵاوی لاستیکی و ئێلەگێکی ڕزگارکردنی بچووکیان لەبەربوو،ئێمە خۆمان ئامادە دەکرد بۆ مەلەکردنی ســێ کیلۆمەتری بەیانیان،ئێلەگی ڕزگارکردنەکە بچووك بوون وەکو میزەڵدانێك بوو کە تەنیا کاتێك پەتەکەیت ڕاکێشابا پڕ لە هەوا دەبوو،لەنێوان قوتابیەکاندا شـتێکی شـەرم بوو کە ناچار بیت پەتی ئێلەگی ڕزگارکردنەکە ڕابکێشــیت،بەڵام هێشـــتـا ڕاهێنەرانی هێزی دەریـایی دەبێـت پێش هەر مەلەکردنێك پشــکنین بۆ هەموو ئێلەگەکان بکەن،وە ئەم پشــکنینـانە دەرفەتی زیـاتریـان ئەدا بە ڕاهێنەرەکـان بۆ بێزارکردن،لەو ڕۆژەدا لە کۆڕۆنـادۆ بەرزی شــەپۆلەکـان دەگەیشــتن بە دوو مەتر و نیو،بەشــێوەی ســێ هێڵ بەرەو کەناراوەکە دەهاتن،کاتێك بەر کەناراوەکە دەکەوتن دەنگێکی

زۆریان دەردەکرد ئەمەش لێدانی دڵی قوتابیەکانیان زیاتر دەکرد،ڕاهێنەرەکە بەهێواشی لەسەر هێڵەکە هات و ڕێك لەبەردەم قوتابی دەستە ڕاستم وەستا،قوتابیەکە دەریاوانێکی نوێ بوو لە هێزی دەریای و بالآی نزیکەی مەترێك و شەست و دوو سانتیم دەبوو،ڕاهێنەرەکەش کۆنە سەربازی ڤیەتنام بووە و بالآی نزیکەی مەترێك و نەوەد سانتیم دەبوو،دوای پشکنینی ئێلەگی ڕزگارکردنەکان،ڕاهێنەرەکە سەیری لای چەپی خۆی کرد کە شەپۆلەکان بەر کەناراوەکە دەکەوتن و پاشان پێڵاوەکانی قوتابیە نوێیەکەی وەرگرت و لەنزیك ڕووخساری ڕایگرت،بە ئارامی گووتی "ئایا بەڕاستی دەتەوێت ببیت بە دەریاوانێکی لێهاتوو؟" دەریاوانەکە بە ڕێکی وەستا و بەرگەگرتن لە چاوەکانی دەبیندرا و گووتی"بەڵێ ڕاهێنەر دەمەوێت"، ڕاهێنەرەکە هاواری کرد و گووتی "تۆ پیاوێکی بچووکیت ئەو شەپۆلانە دەتوانن بتکەنە دوو پارچە"،کەمێك وەستا و سەیری زەریاکەی کرد و گووتی"تۆ پێویستە وازبێنیت پێش ئەوەی ئازاری خۆت بدەیت"،تەنانەت دەمتوانی لە گۆشەی چاوەکانمەوە ببینم کە دەمی دەریاوانەکە توند و وەستاوە (نالەرزێت و هیچ ترسێکی نییە)وەرگێڕ،دەریاوانەکە گووتی "من وازناهێنم"،پاشان ڕاهێنەرەکە خۆی چەماندەوە و شتێکی بە گوێی دەریاوانەکەدا چرپاند، نەمتوانی گوێم لە وشەکان بێت بەهۆی دەنگی شەپۆلەکانەوە،دوای ئەوەی هەموو قوتابیەکان

پشـــكنينيـان بۆكرا، ڕاهێنەرەكـان فەرمـانيـان پێكردين كە بڕۆينە ناو ئاوەكە و دەســتمان بە مەلەكردن كرد،كاتژمێرێك دواتر من گەيشـــتمەوە كەناراوەكە و بينيم هەمان دەرياوانە نوێيەكە وەســـتـاوە،ئەو لەپێش هەموو قوتـابيەكـان مەلەى خۆى تەواوكردبوو،دواتر لە ڕۆژەكەدا ئەوم لە شـــوێنێـك وەستاند و پێم گووت"ڕاهێنەرەكە چى بە گوێتدا چرپاند؟"،ئەو زەردەخەنەى كرد و بە شـــانازيەوە گووتى ئەو پێى گووتم "بۆم بسەلمێنە كە من هەڵەم!"،ڕاهێنانەكانى هێزى دەريايى هەميشە لە هەوڵى سەلماندنى شتێكدا بوون،لە سەلماندنى ئەوەى كە قەبارە گرينگ نييە،ڕەنگى پێستت گرينگ نييە،پارە تۆ ناكاتە كەسێكى باشتر،ويست و ئيرادەى خۆت هەميشە لە بەهرە و زيرەكى باشـــتر بووە،من بە بەخت بووم كە پێش ساڵێك لە ڕاهێنانەكان فێرى ئەم وانەيە بووم.

كاتێك لە ناوەڕاستى شارى سان دييێگۆ سوارى كۆستەرێك بووم،زۆر بە جۆش و خرۆش بووم بۆ بينينى ديمەنى شوێنى ڕاهێنـانەكـانى هێزى دەريـايى لە كەنـداوى بـچـوكى كۆڕۆنادۆ،من قوتابى نوێى ســـاڵى دووەم لە هێزى دەريايى بـووم،كە بەشـــداريم كردبـوو لە خوێنـدنى هـاوينەى "ڕاهێنانەكانى ئەفسەرە يەدەگەكانى سوپا **ROTC**[١]".

،من وەكو قوتـابى نوێى ســـاڵى دووەم لەنێوان ســـاڵى يەكەمەكان و ساڵى كۆتايەكاندا بووم،ئەگەر هەموو شتێك

١.ROTC(reserve officers training corps)

بەباشی ڕۆیشتبا،هیوام دەخواست بۆ ساڵی داهاتوو ئەرکێکم پێبـدەن و نـێردرابـام بـۆ بەشـــی ڕاهـێـنـانـی هـێزی دەریـایی،نـاوەڕاســـتەکـانی هەفتە بوو کەمن مۆڵەتێکم لە ڕاهێنەرەکەم وەرگرت،مۆڵەتێـك بۆ ڕۆیشـــتن بۆ کۆرۆنـادۆ لەبەرئەوەی یەکێك لە کەشـــتیەکان لە بەرنامەی فێرکاری لایداوە،ڕۆیشـــتم بۆ کۆرۆنادۆ و لە کۆســـتەرەکە لەبەردەم هۆتێلی بەنـاوبـانگی دێـل کۆرۆنـادۆ هـاتمە خوارەوە،نزیکەی کیلۆمەترێك ڕۆیشـــتم تـاکو گەیشـــتم بە ســـەربازگەی ئەمفیبیوس[١]،لەبەردەم چەنـد بـاڵەخـانەیەکی کۆنی کۆری تێپەڕبووم کە هی ســەردەمی جەنگبوون کە کۆمەڵەی یازدە و دوازدەی تـایبەت بە پێکـدادانی ژێرئـاو لەوێ نیشـــتەجێ ببوون،لە دەرەوەی یەکێك لە باڵەخانەکان هێمایەکی دارینەی گەورەی لەســـەربوو کە لەســـەری نووســـرابوو "فرێدی بۆقەکە،دوو ژینگەییەکە بە قاچە درێژە سـەوزەکان،تێنتیەکی بەدەستەوەیە و جگەرە دەکێشێت".ئەوێ سەربازگەی پیاوانی بۆقی (دەریاوانە لێهاتووەکان)وەرگێڕ لە کەنـاراوەکـانی ڕۆژئـاوا[٢] بوو،جەنگاوەرانی ئازا بە ماسك و پێڵاوە تایبەتیەکانی ژێرئاو کە جەنگـاوەرانی پێش ســـەردەمی ئەوان کەنـاراوەکـانی (ئـایـۆجـیـمـا٣،تـاراوا٤،گـوام٥،ئـیـنـچـۆن٦)یـان بەتەواوی پـاککردەوە،لێـدانی دڵم خێراتر دەبوو،ئەمە بەتەواوی ئەو شوێنەیە کە دەمەوێت لێیبم لە ساڵێکدا.

١. Amphibious,٢. West coast,٣.Iwo jima,٤.Tarawa.
٥. Gwam,٦.Inchon

به تێپەربوون لە کۆمەڵەکانی پێکدادانی ژێرئاو گەیشـــتم بە بـــاڵەخـــانەی کـــۆمەڵەی یەکـــی هـــێـــزی تـــایـــبەتـــی دەریـــایـــی[١]،کۆمەڵەیەك کە پێکهـــاتبـــوو لە جەنگـــاوەرانـــی دارســـــتـانی کە نـاوبـانگی خۆیـان لە جەنگی ڤیەتـنام وەکو بەهێزترین پیاوانی ســـوپا بەدەســـــت هێنابوو،هێمایەکی دارینەی تر بەناوی ســامی هێزی تایبەتی دەریایی کۆمەڵەی یەك[٢] لەسەری نووسرابوو "چەقۆیەك لەدەست و چارۆگەیەکی ڕەش لەســەر شــانەکانی" (گوزارشــت لە ســەربازانی جەنگی ڤیەتـنـــام)وەرگێڕ،دواتـر زانـیم پیـــاوە بۆقیەکـــان (کـۆمەڵەی پێکدادانی ژێرئـاو) و هێزی تـایبەتی دەریـایی( ســــەربـازانی جەنگی ڤیەتـنـام)، وەك یەکبوون،تەواوی ئەم کەســـــانە لە دەرچووی هێزی تـایبەتی بوون هەموویـان پیـاوێکی بۆقی بوون لە دڵیـانـدا، لە کۆتـاییـدا گەیشـــتمە کۆتـا بـاڵەخانەی حکومی هێزی دەریایی لەلای کەناراوەکە،لەسەری نووسرابوو "ڕاهێنـانەکـانی ســـــەرەتـــایی هێزی تـــایبەتی پێکـــدادانی ژێرئـاو"،لەبەردەم دەرگـای ســـــەرەکی دوو ڕاهێنەری هێزی تایبەتی وەســـــتابوون و چەند خوێندکارێکی نوێ لەدەوریان بوون،بـــاڵای ڕاهێنەرەکـــان لەچـــاو قوتـــابیەکـــان وەکو دوو باڵەخانەی بەرز وابوون،ســـــەرۆکی یەکەمی ئەفســــــەرە پلە نزمەکان "دیك ڕێی[٣]" باڵای نزیکەی دوو مەتر ئەبوو،شانەکانی

١. Seal team one
٢. Sammy the seal
٣. Dick ray

پـانبوون لەگەڵ نـاوقەدێکی بـاریـك و ســـمێڵێکی تەنکی باریك،ئەو هەموو شتێکی هەبوو کە من چاوەڕێیم لێدەکرد وەکو دەریاوانێکی هێزی تایبەت،لەلای ئەو سەرۆکی دووەمی ئەفســەرە پلە نزمەکان "جین وێنس[١]"وەســتابوو کە بالآی بە ئاســـانی دوو مەتر دەبوو،ئەو جەســـتەی وەکو یاریزانێکی ڕەگبـی دەبـوو،چـوارشـــــانەو قـۆڵـی گـەورەبـوون وە لەگەڵ ســـەیرکردنێکی توڕەییانە کە هەمووانی ئاگادار دەکردەوە نـابێـت لێی نزیـك بکەونەوە،قوتـابیەکـان ڕۆیشـــتنە نـاو باڵەخانەکە،لەگەڵ کەمێك هەسـتی ترس و نیگەرانی منیش بەدوای ئەواندا ڕۆیشـــتم،لە بەشـــی پێشـــەوە لەلای مێزێك وەستایین،من چیرۆکەکەمم باسکرد بۆ دەریاوانێك کە لەسەر مێزەکە دانیشـــتبوو ،من وەکو قوتـابیەکی ســـاڵی دووەمی تازەکار لە زانکۆی تەکســاس[٢] بەدوای کەسـێکەوە بووم بەو ئومێدەی قســەی لەگەڵ بکەم دەربارەی ڕاهێنانەکانی هێزی تایبەتی دەریایی،دەریاوانەکە مێزەکەی جێهێشـــت و کاتێك گەڕایەوە پێی گووتم کە ئەفســـەری یەکەم "داگ هوث[٣]" خۆشـحاڵ ئەبێت چەند خولەکێك قسـەم لەگەڵ بکات،کاتێك لە هۆڵەکە چاوەڕێم دەکرد کە بۆ ژووری ئەفســەر داگ هوث بانگ بکرێم بە ئارامی ســەیری وێنەکانی ســەر دیوارەکەم دەکـردن،هەمـوو وێـنەکــان هـی هـێزی تــایـبەتـی بـوون لە ڤیەتنام،پیاوانێك کە تاکو ناوقەدیان لەناو گڵ بوون لە دێلتا

١. Gene wence
٢. Texas university
٣. Dough huth

میکۆنگ[1]،وێنەی کۆمەڵەیەك کە شێوەی خۆیان وەکو درەخت و بەردەکان لێکردبوو تاکو نەناسرێنەوە لە ئەرکێکی شەوانە دەگەڕانەوە،پیاوانێك کە بە چەکی خۆکارا و تاقم و فیشـەك لەسەر بەلەمێکی تیژڕەو بەرەو دارستانەکە دەڕۆیشتن.

لە کۆتـایی هۆڵەکە پیـاوێکی تریش سـەیری وێنەکـانی دەکرد،پیاوێك کە شـێوەیەکی سـارد و مـاندوو و قژێکی داهێنـدراو وەکو گرووپی میوزیکی "بیتلز[2]"،پێـدەچوو سـەریسـوڕمابێت لە بینینی وێنەی ئەم جەنگاوەرانە،بەبڕوای من بیری لەوە دەکردەوە کەچۆن ببێـت بە ئەنـدامی هێزی تـایبەتی دەریـایی،بە سـەیرکردنی وێنەکـان ئـایا بیری دەکردەوە کە ئەو بەپێی پێویسـت بەهێزە تاکو دەرەقەتی ڕاهێنانەکان بێت؟ ئایا بیری دەکردەوە کە جەستە بچوکەکەی دەتوانێـت بەرگەی جانتـایەکی قورس و هەزاران فیشـەك بگرێت؟ ئایا هەردووك ڕاهێنەرەکەی نەبینی ئەوانەی لەبەر دەرگـاکە بوون پیـاوانی گەورە و خـاوەن تـایبەتمەنـدی تەواو بوون؟ نارەحەت بووم کە یەکێك ناونیشـانەکەی بەهەڵە بەم پیـاوە دابێت،لەوانەیە هـانیـان دابێـت کە واز لە ژیـانی خۆی بێنێت وەکو دانیشتوویەکی ئاسوودە و بێتە ناو ڕاهێنانەکانی هێزی تـایبەتی دەریـایی،چەنـد خولەکێـك دواتر دەریـاوانەکە هات ئەوەی لەسەر مێزەکە بوو و منی تاکو ژووری ئەفسەری یەکەم "داگ هوث" برد،ئەویش نمونەیەکی زیندووی هاندان

١. Mekong delta
٢. beatles

بـوو بـۆ هـێزی دەریــایــی،کەســـــێکـی بــاڵابەرز و خــاوەن ماســـــولکە،لەگەڵ قژێکی قاوەیی شــــەپۆلدار،شـــــێوەی زۆر سەرنجڕاکێش دیاربوو لەناو جلێکی خاکی هێزی دەریایی،من لەسەر کورسیەك دانیشتم لەبەردەم مێزەکەی هوث قسەمان لەســـەر ڕاهێنانەکانی هێزی تایبەتی دەریایی کرد و باســـی پێداویســـتیەکانی کارەکە کرد،هوث دەربارەی ئەزموونەکانی خۆی لە ڤیەتنام بەمن گووت و پێی گووتم کە ژیانم لەناو کۆمەڵەکان چۆن دەبێت کاتێك دەرچووی ڕاهێنانەکانی هێزی تایبەتی دەریایی بم،لە گۆشەی چاومەوە دەمتوانی ئەو پیاوە لاوازە ببینم کە جلی مەدەنی لەبەرە کە هێشـــتا ســـەیری وێنەکـان دەکـات،ئەویش دیـارە وەکو من چـاوەڕێی بینینی ئەفســـەری یەکەم هوثە کە قســـەی لەگەڵ بکات دەربارەی ڕاهێنانەکانی هێزی تایبەتی دەریایی،ئەمەش وایلێکردم کە هەستێکی باشترم هەبێت سەبارەت بەخۆم،چونکە خۆم بە بەهێزتر و ئامادەتر دادەنا لە کەسێك کە وایدەزانی دەتوانێت دەرەقەتی ڕاهێنـانەکـانی هێزی تـایبەتی دەرایی بێـت،لە ناوەڕاستی گفتوگۆکەمان هوث لەناکاو بێدەنگ بوو و لەسەر مێزەکەی ســـەیری دەرەوەی کرد و هاواری بەســـــەر پیاوە لاوازەکەدا کرد،پێیگووت وەرە ژوورەوە،منیش هەستامە سەر پێیەکانم،هوث لە کاتێکدا ئەو پیاوەی بەتوندی لەباوەشـــــدا گرت و گووتی بیڵ (نازناوی نووســــەرەکە)وەرگێڕ ئەمە "تامی نۆریسە[١]" تامی کۆتا چەکداربووە کە مەدالیای شەڕەفی

١. Tommy norris

وەرگرتبێت لە جەنگی ڤیەتنام،نۆریس زەردەخەنەی کرد و پێدەچوو کەمێك شەرمەزاریش بووبێت لەبەر ئەم ناساندنە،منیش زەردەخەنەم کرد و تۆقەم لەگەڵی کرد،لەدڵی خۆمدا بەخۆم پێکەنیم،ئەم پیاوە لاوازە بەم قژەوە تا سەر گوێیەکانی کە گومانم هەبوو دەرەقەتی ڕاهێنانەکانی هێزی تایبەتی دەریایی بێت ئەفسەری یەکەم "تامی نۆریسە".تامی نۆریس کە لە ڤیەتنام خزمەتی کردووە،چەند شەوێك دزەیی کردبووە ناو ڕێزەکانی دوژمن تاکو بتوانێت دوو فڕۆکەوان ڕزگار بکات،ئەمە تامی نۆریس بووە کە لە ئەرکێکی تردا فیشەکێکی بەر ڕووخساری کەوتووە لەلایەن هێزەکانی ڤیەتنامی باکوور وە بریندار کرا و جێهێڵدرا تاکو بمرێت،بەڵام لەلایەن ئەفسەری دووەم "مایك ثۆرنتۆن[١]"ەوە ڕزگارکرا و مەدالیای شەرەفی وەرگرت بۆ ئەم کارە،ئەمە تامی نۆریس بوو کە لەگەڵ هەبوونی پێکانیش بۆ وەرگرتن لە کۆمەڵەی یەکەمی ڕزگارکردنی بارمتەکان لە ئێف بی ئای[٢]جەنگا،ئەم پیاوە بێدەنگ و بەڕێزە یەکێك لە بەهێزترینەکانی هێزی تایبەتی دەریایی بوو لە مێژووی کۆمەڵەکاندا،لە ساڵی ١٩٦٩،تامی نۆریس لە حاڵەتی دەرکردن دابوو لە ڕاهێنانەکانی هێزی تایبەت،ئەفسەرەکان دەیانگووت تامی زۆر لاواز و باڵا بچووکە

١. Mike thornton
٢. FBI hostage rescue team

هێزی پێویستی بۆ ئەنجامدانی ڕاهێنانەکان نییە،بەڵام وەکو دەریاوانەکەی پۆلەکەی من بۆ هەمووانی سەلماند کە هەموویان هەڵەن و جارێکی تر پێشـــانی دا کە"قەبارە و بەرزی بـاڵات گرینـگ نییە،بەڵکو ئەوەی گرینگە قەبـارەی دڵتە."

# وانەی چوارەم

# ژیان دادپەروەر نییە-درێژە بە ڕێگاکەت بدە

ئەگەر دەتەوێت جیهان بگۆڕیت

کولیچەی بەشەکر مەبە و بەردەوامبە لە ڕۆیشتن بۆ پێشەوە

ڕامکرد بەرەو تەپۆلکەیەکی لمین،بەبێ دودڵی لە لایەکەی تر هاتمە خوارەوە و بە تەواوی خێراییم بەرەو زەریایی هێمن ڕۆیشـــتم،هەروەها تەواوی کەل و پەلەکانم لەگەڵ کڵاوی شەبکە کورت و پێڵاوە جەنگییەکانم پێبوو،بە سەر ڕۆیشتمە ناو ئەو شـــەپۆلانەی کە بەر کەناراوی کۆرۆنادۆ دەکەوتن،لە کاتێکدا تەڕ ببووم،ڕاهێنەرەکەمم بینی لەسەر تەپۆلکەیەکی لمین وەستابوو،دەستەکانی داخستبوو بە سنگیەوە و لەنێوان تەپ و تۆزی بەیانیانەوە بیســـتم هاواری کرد، گووتی "خۆت دەزانیت کە دەبێت چیبکەیت بەڕیز ماك!".لە ڕاســـتیدا وابوو دەمزانی،بەخۆشـــیەکی ســـاختەوە،هاوارم کرد "هورا!!!" وە پـــاشـــــان خۆم لەنـــاو لمەکە وەردا،لەملا بۆ ئەولا خۆم دەســـوڕاند،تاکو دڵنیا بم هیچ بەشـــێکی جلەکانم نەماوە نەبێت بە لم،وە بۆ بۆ کۆتایی کارەکە بە دەستەکانم لمەکەم هەڵدەدایە هەواو دەڕژایەوە سـەرمن تاکو دڵنیابمەوە تەواوی جەستەم بە لم داپۆشراوە.

لە ڕاســـتیدا لە کاتی ئەنجامدانی ڕاهێنانەکانی بەیاندا من یاســـاکانی هێزی تایبەتی دەریاییم پێشـــێڵ کردبوو،وە سزاکەشم ئەوەبوو کە خۆم هەڵدەمە ناوچەی شەپۆلەکان و پاشـان خۆم لەناو لمەکە وەربدەم و خۆم بکەم بە (کولیچەی بەشـــەکر)،لە تەواوی ڕاهێنانەکانی هێزی تایبەتی دەریایی هیچ شتێك ئەوەندەی بوون بە کولیچەی بەشەکر ناخۆش

نەبوو،زۆر شت بە ئازارتر و ماندووکەرتربوون،بەڵام بوون بە کولیچەی بە شەکر تاقیکردنەوەی ئارامی و ئیرادەی تۆ بوو،نەك تەنیا لەبەرئەوەی کە باقی ڕۆژەکە لم ئەچووە ناو جەستەت،لەژێر قۆڵەکانت و لە نێوان قاچەکانت،بوون بە کولیچەی بەشەکر بەتەواوی شتێکی دیارینەکراو بوو،هیچ پاساوێك یان هۆکارێك نەبوو،تۆ دەبوویتە کولیچەی بەشەکر هەرکاتێك ڕاهێنەرەکە بیویستبا.

بۆ زۆربەی قوتابییەکان ئەمە شتێکی قورس بوو بۆ قبوڵکردن،کەسانێك کە بۆ بوون بە باشترین هەوڵیان دەدا،چاوەڕێی پاداشتیان دەکرد بۆ ئەم هەوڵدانە،هەندێکجار وەریان دەگرت،هەندێکجاریش نا،هەندێکجار تاکە شت کە وەریان دەگرت جەستەیەکی تەڕ و لماوی بوو.

هەستم دەکرد کە بەپێی پێویست داپۆشراوم بە لم،ڕامکرد بۆ لای ڕاهێنەرەکە و دوبارە هاوارم ئەکرد "هورا!!!"،ئەفسەر "فیلیپ ڵ.مارتین[١]"،کە هاوڕێکانی بە مۆکی بانگیان دەکرد،بەوردی سەیری دەکردم تاکو دڵنیا بێتەوە کە ئایا تەواوی پێوانە نموونەییەکانم تێدایە بۆ بوون بە کولیچەی بە شەکر،مۆکی مارتین پیاوێکی بۆقی نایاب بوو (دەریاوانێکی لێهاتوو)[وەرگێڕ]،لە دایك بووی هاواییە و هەر لەوێش گەورە بووە،ئەو هەمان ئەو شتە بوو کەمن دەمویست وام لێبێت وەکو ئەفسەرێکی هێزی تایبەتی

١. Philip L. Martin(moki,martin)

دەریـایی،ســـەربـازێکی بەئەزموون لە جەنگی ڤیەتنـام و شـارەزای هەموو چەکێك بوو کە لە هێزی تایبەتی دەریاییدا هەبوو،ئەو یەکێـك بوو لە بـاشـــترینەکـان لە ژێر ئـاو کەوتن،چونکە لە هـاوای گەورە بووە،ئەوەنـدە مەلەزانێکی لێهاتووە،زۆر کەمی لێن کە پێی بەراورد بکرێن،"بەڕێز ماك[١] ئایا هیچ بیرۆکەیەکت هەیە کە ئەم بەیانیە بۆچی بوویت بە کولیچەی بەشەکر"مارتین بە دەنگێکی ئارام بەڵام پسیاراوی وایـگـووت،مـنـیـش وەڵامـم دایەوە"نەخـێـر ڕاهـێـنەر مـارتین"ماك،"چونکە بەڕێز مـاك ژیـان هەرگیز دادپەروەر نییە چەنـد زووتر ئەمە فێربیـت بـاشـــتر دەتوانیـت ڕووبەڕووی ببیتەوە"مارتین

دوای ســـاڵێك من و ئەفســـەر مارتین کارەکەمان لە نوێوە دەســـتپێکرد،من ڕاهێنانە ســـەرەتاییەکانی هێزی تایبەتی دەریـاییم تەواوکرد،مـارتین لە لایەن نـاوەنـدی ڕاهێنـانی کۆمەڵەی یازدەی پێکدادانی ژێرئاوەوە بانگکرا،چەند مۆکیم زیاتر ناســیبا زیاتر ڕێزم دەبوو بۆی،ســەرەڕای ئەوەی مۆکی وەگەڕخەرێـکـی گەورەی هـێـزی تـایـبەتـی دەریـایـی بوو،وەرزشـوانێکی ناوازەش بوو،لە ســەرەتای ١٩٨٠کان ئەو لە یەکەمەکانی پێشبڕکێیە سێ یارییەکان بوو،ئەو شێوازی مەلەکردنێکی جوانی هەبوو لە ئاوە ئازادەکاندا^دەریاکان^،جەستە و خوارەوەی جەســتەی بەهێزبوون دەیتوانی مەودایەکی زۆر

١. Mac (william harry mc.raven ) نووسەری کتێبەکە

بەبێ ماندوو بوون مەلەبکات،بەڵام بەهرە ڕاســــتەقینەکەی پــاســــکـیـلەکەی بـوو،ئەو و پــاســــکـیـلەکەی بـۆ یەکـتـر دروستکرابوون،هەموو ڕۆژێك بەیانیان،سواری پاسکیلەکەی دەبوو و لە ناوچەی "سیلڤەر ستراند[١]"چل و هەشت کیلۆمەتر پاسکیل سواری دەکرد،ناوچەیەکی تەختی پاسکیل سواری بوو کە هاوتەریب بوو لەگەڵ زەریایی هێمن،ئەم ڕێگایە لە کۆڕۆنادۆ تاکو شاری "ئیمپڕیال بیچ[٢]" درێژ دەبوویەوە،لەگەڵ زەریـا لە لایەك و کەنـداوێـك لەلایەك جوانترین دیمەنی لە کەناراوەکانی کالیفۆرنیا دروستدەکرد.

ڕۆژی شــەمە بەیانی زوو،مۆکی بە پاســکیلەکەی بۆ ســەر ڕێگای سـیلڤەر سـتراند ڕۆیشـتە دەرەوە،سـەری لە خوارەوە بوو،پایدەری خێرا لێدەدان،ئەو هەرگیز ئەو پاسکیلەی نەبینی کە لەبەردەمی دەهـات،هەردووکیـان بە خێرای نزیکەی چـل کیلۆمەتر لە کــاتژمێرێکــدا بەریەك کەوتن،هەردووکیــان سـەراوسـەر کەوتنە سـەرجادەکە،دانەیەکیان خلۆربووە سـەر خۆڵەکە،قاچی زیانی بەرکەوتبوو بەڵام بە گشتی سـەلامەت بوو.

مۆکی بەبێ جوڵە لەســــەر جــادەکە مــابووە،ئۆتۆمبێلی فریاگوزاری لە چەند خولەکێکدا گەیشــت،مۆکیان بەبێ جوڵە هێشــتەوە و گەیاندیانە نەخۆشــخانە،ســەرەتا وادەزاندرا کە ئیفلیجبوونی مۆکی کاتی بێت،بەڵام ڕۆژ و مانگ و ساڵ

١. Coronado silver strand
٢. Imperial beach

تـــێـــپەڕی بەبـــێ ئەوەی مـــۆکـــی قـــاچەکـــانـــی بەکاربێنێتەوە،پێکدادانەکە بووە هۆی ئیفلیجی لە کەمەر بۆ خوارەوە و دەســـتەکـانیشـــی جوڵەیەکی ســـنووردارییـان هەبوو،لەماوەی سـی و پێنج سـاڵی ڕابردوودا مۆکی لەسـەر کورسی تایەدار دەژیا،لەماوەی ئەم هەموو ساڵانەدا تەنانەت یەکجاریش گوێم لێنەبووە مۆکی گلەیی لە بەدبەختی خۆی بکـات،تەنـانەت هەرگیز گوێم لێنەبووە بڵێـت "بۆچی من؟"هەرگیز یەکجـاریش بەزەیی بەخۆیـدا نەهـاتۆتەوە،لە ڕاســـتیدا لەدوای ئەم ڕووداوە مۆکی بوو بە وێنەکێشـــێکی بەهرەدار،ئەو بوو بە باوکی کچێکی جوان،پێشـــبڕکێی "بۆقە گەورە ســـێ یاریەکەی[١]" دامەزراند کە هەموو ســـاڵێك لە کۆرۆنادۆ ئەنجامدەدرێت،شـتێکی ئاسـانە کە چارەنووسـمان بسپێرین بە هێزە دەرەکیەکان و بوەستین لە هەوڵدان،چونکە بڕوات وایە چارەنووس دژی تۆیە،ئاسـانە کە بیربکەیتەوە کە لەکوێ گەورەبوویت،دایك و باوکت لەگەڵت چۆنبوون،چوویتە کامە قوتابخانە،ئەمانە داهاتووت دیاری بکەن،هیچ شـــتێك ناتوانێت دوور لە ڕاسـتی بێت،کەسـانی ئاسـایی و پیاوان و ژنانی مەزن پێناسـەکراون بەوەی کە چۆن ڕەفتاریان کردووە لەگەڵ نـادادپەروەری ژیـان، هێڵێن کێڵێر[٢]،نێڵســـۆن ماندێلا[٣]،ستێفن هاوکینگ[٤]،مالالا یوسفزای[٥]-مۆکی مارتین.

١. (Superfrog triathlon،پێشبڕکێی ناو ئاو)
٢. Helen keller
٣. Nelson mandela
٤. Stephan hawking
٥. Malala yousfzai

هەنــدێـكـجــار گــریــنــگ نــیـیە كە چەنــد بەســـــەخـتـی هەوڵدەدەیت،گرینگ نییە كە چەندە باشـیت،لە كۆتاییەكەیدا دەبیــت بە كولیچەی بەشـــــەكر،گلەیی مەكە،ئەم بــابەتە مەبەسـتەوە بە بەدبەختی،ڕێك ڕاوەسـتە،سـەیری ئایندە بكە و برۆ بۆ پێشەوە!

# وانەی پێنجەم
# شکست ئەبێتە هۆی بەهێزتربوونت

ئەگەر دەتەوێت جیهان بگۆڕیت لە سیرك مەترسە

شـــەپۆلەکـانی دورگەی کۆڕۆنـادۆ بەهێز بوون،لەکـاتی مەلەکردن بۆ گەڕانەوە بۆ کەناراوەکە شـــەپۆلەکـان وەکو زەلەیەك بەر ڕوخســـارمـان دەکەوتن،وەکو پێشـــتر من و هـاوتیپەکەم هەوڵمـان دەدا خۆمـان لەگەڵ بـاقی قوتـابیانی کـۆمەڵەی هـێـزی دەریـایـی تـایـبەت هەمـاهەنـگ بکەین،ڕاهێنەرەکان لەناو بەلەمەکاندا هاواریان بە سەرماندا دەکرد تـاکو خێرایی خۆمـان بپـارێزین،بەڵام وەکو دەهـاتە بەرچاو چەند قورسـتر مەلەمان کردبا زیاتر دوادەکەوتین،ئەو ڕۆژە هـاوتـیـپـی مەلەکـردنـم نـیشـــانەدار "مـارك تۆماس[١]"بوو،مارکیش وەکو من ئەرکەکەی وەگرت لە ڕێگەی ڕاهێنانەکانی ئەفسەرە یەدەگەکانی سوپا (**ROTC**).

ئەو دەرچووی پەیمانگای ســەربازی ڤیرجینیا[٢] بوو وە یەکێك لە بـاشـــترین ڕاکەرەکـانی پۆلەکەبوو لە ڕاکردنی مەودا درێژدا،لە ڕاهێنانەکانی هێزی تایبەتی دەریایی دەبێت پشـت بە هـاوتیپەکەت ببەســـتیـت تـاکو ئـاگـای لێتبێـت،ئەوە هاوتیپەکەتە لە ژێرە مەلەدا بەشـــێوەیەکی جەســـتەییەوە پێکەوە بەســـتراونەتەوە،ئەوە هاوتیپەکەتە کە هاوبەشـــیت ئەکـات لە مەلە مەودا درێژەکـانـدا،هـاوتیپەکەت یـارمەتیـت ئەدات لە فێربوون،بە ورەبەرزی دەتهێڵێتەوە و لەدرێژایی ڕاهێنانەکاندا دەبێتە نزیکترین هاوپەیمانت،ئەگەر یەکێك لە هاوتیپی مەلەکردن شکست بێنێت، لە دەرئەنجامدا هەردووك

١. Mark Thomas
٢. Virginia military institute

هـاوتیپەکە زیـانمەنـد دەبن،لەم ڕێگـایەوە ڕاهێنەران بەدوای بەهێزترکردنی کاری بەکۆمەڵبوون.

بە تەواوکردنـی مەلەکردنەکە و گەیشـــتن بە کەنـاراوەکە ڕاهـێـنـەرێـك چـاوەڕێـی ئـێـمە بـوو،هـاواری کـرد (بـۆ ســـەرزەوی!!!)،ئەمە فەرمـانێـك بوو کە دەبوو بەشـــێوەی شـناوکردن بکەوینە سـەر زەوی و پشـتمان تەواو ڕاسـتبێت و دەستەکانمان تەواو کێشرابن،سەریشمان بۆ سەرەوەبێت،

"ئێوە بەخۆتـان دەڵێن ئەفســـەر"ڕاهێنەرەکە،وەڵامـدانەوەی ئەم پرســـیـارە بێ ســـوود بوو هەردووکمـان دەمـانزانی کە ڕاهێنەرەکە بەردەوامدەبێت لە قسەکردن،"ئەفسـەرانی هێزی تایبەتی دەریایی هەمیشـــە یەکەمن،ئەوان لە مەلەکردن لە کۆتـاییـدا نـابن،ئەوان هـاوپۆلەکـانی خۆیـان شـــەرمەزار ناکەن"ڕاهێنەرەکە.

ڕاهێنەرەکە بەدەوری ئێمەدا دەسوڕایەوە شەقی لە لمەکەدا هەڵـدەدا بۆ نـاو دەمووچـاوی ئێمە،"بیرنـاکەمەوە کە ئێوە بەڕێزان بتوانن ئەنجـامی بـدەن،بیرنـاکەمەوە کە ئێوە ئەو شـتەتان هەبێت کە پێویســتە بۆ بوون بە ئەفسـەری هێزی تـایبەتی دەریـایی"ڕاهێنەرەکە،پەڕاوێکی تێبینی لە بـاخەڵەکەیـدا دەرهێنا و لە کاتێکدا بە ڕقەوە سەیری ئێمەی دەکرد شتێکی تێـدا نووســـی،"هەر ئێســـتـا ڕۆیشـــتنە نـاو لیســـتی سیرکەکەدا"ڕاهێنەرەکە،لە کاتێکدا کە سەری دەلەقاند

دەیگووت "زۆر بەبەخت دەبن ئەگەر بتوانن هەفتەیەکی تر بەرگەبگرن"ڕاهێنەرەکە.

سیرك! ئەوە کۆتا شتە کە من و مارك ویستوومانە،سیرك هەموو ڕۆژێك دەکرا دوای نیوەڕۆیان لە کۆتایی ڕاهێنانەکاندا،سیرك بەرنامەیەکی دوو کاتژمێری چالاکی زیادەبوو کە بێزارکردنە نەبڕاوەکانی کۆنە سەربازانی جەنگی هێزی دەریایی تایبەتی لەگەڵبوو،کە تەنیا کەسانی بەهێزیان دەویست تاکو لە ڕاهێنانەکان سەربکەون،ئەگەر لەو ڕۆژەدا شکستت هێنابێت لە گەیشتن بە ئەنجامە پێوانەییەکانی هەر ڕاهێنانێك وەکو چالاکی جەستەیی-تێپەڕاندنی بەربەستەکان-ڕاکردنی بە کات یان مەلەکردن،ئەوا ناوت دەڕۆیشتە ناو لیستەکە وە وەکو شکست خواردوویەك بوویت لەچاوی ڕاهێنەرەکان.
ئەو شتەی کە وای لە قوتابییەکان دەکرد لە سیرك بترسن ئەوە بوو کە دەییانزانی لەدوای سیرکەکە ڕاهێنانی تری ڕۆژەکە هەن،ئەوەندە ماندووبوویت کە دوبارە شکست دێنیت لە گەیشتن بە ئەنجامە پێوانەییەکان،سیرکێکی تر بەدوایدا دێت،پاشان یەکی تر و یەکێکی تر،پێچێکی مردن بوو،بازنەیەکی دۆڕان کە بووە هۆی ئەوەی چەندان قوتابی واز بهێنن لە ڕاهێنانەکان،بە کۆتایی هێنان بە ڕاهێنانەکانی ڕۆژانە لەلایەن قوتابییەکان،من و مارك و چەندین کەسی تر

لەسـەر جادەکە ئامادەبووین بۆ ئەوەی دەسـت بە سـیرکێکی تـر بـکەیـن،چـونـکە ئـێـمە لە مەلەکـردنــدا کـۆتـا کەس بووین،سیرکیان تەنیا بۆ ئێمە دانابوو،ئەنجامدانی"باڵ لێدانی پەپـولەیـی[١]" بـۆ چەنــدیـن و چەنــدیـن جـار،ئەم جـوڵەیە ماسـولکەکانی سـك و ڕانەکانت بەهێزتر دەکات،لە ئەنجامدا دەتوانی لە ئاوە ســـەربەســـتەکانی زەریادا باشـــتر مەلە بکەیت،هەروەها ئەم جوڵەیە بۆ تێکشـکاندنی تۆش دروسـت کراوە! شـــێوازی ڕاهێنانی باڵ لێدانی پەپولەیی ڕاکشـــانە لەســـەر پشـــتت و قاچەکانت بۆ پێشـــەوە کێشـــرابن و دەسـتەکانیشـت بۆ دواوەی سـەرت،بە ژماردنی ڕاهێنەرەکە ئەبێت قاچەکانت بەشـێوەی لێکدان بۆ سـەرەوە و خوارەوە بـجوڵێنیـت،بە درێژایـی ڕاهێنـانەکە بۆت نییە ئەژنۆت بنوشـــتێنیتەوە،نوشـــتاندنەوەی ئەژنۆ وەکو خاڵێکی لاوازی ســـەیر دەکرا لەنـێوان پیـاوە بۆقیەکـانــدا (دەریـاوانە لێهاتووەکان)،سـیرك ئەشکەنجەیە،سەدان جوڵەی باڵ لێدانی پەپولەیی و شـــناو و خۆ بەرزکردنەوە و ڕاهێنانی ســـك و چەندین ڕاهێنانی تری لەشـجوانان،لەکاتی خۆرئاوابووندا من و مارك بە سـەختی دەمانتوانی بجوڵێین،شـکسـتیش نرخی خۆی هەبوو.

ڕۆژی دواتر چالاکی زیاتر هەبوو ڕاکردنێکی تر،تێپەڕانـدنی بەربەسـتێکی تر،مەلەیەکی تر و بەناخۆشـحاڵیەوە سـیرکێکی تر،شـــناوی زیاتر و ڕاهێنانی ســـکی زیاتر و باڵ لێدانی

١. Flutter kick exercise

پەپولەی زیاتر،بەڵام بە بەردەوامبوونی سیرکەکە شتێکی سەیر ڕوویدا،من و مارك مەلەکردنمان باشتر بوو و تیپێکی باشمان دروستکرد،سیرك کە وەکو تەمبێکردنێك بوو بۆ شکست بووە هۆی بەهێزتر بوون و خێراتر بوون و بڕوابەخۆبوونی زیاتری ئێمە لە ئاودا،لە کاتێکدا قوتابییەکانی تر نەیاندەتوانی بەرگەی چەند شکستێك و دەرئەنجامەکەی بگرن وازیان دەهێنا،من و مارك نەمانهێشت سیرك بەسەرماندا زاڵبێت.

بە گەیشتن بە کۆتایی ڕاهێنانەکاندا،مەلەکردنێك لە زەریادا هەبوو کە دەکەوتە هەشت کیلۆمەتری کەناراوی دورگەی "کلێمێنت"[1]،تەواوکردنی لە کاتی دیاریکراودا زۆر پێویست بوو بۆ دەرچوون لە ڕاهێنانەکانی هێزی تایبەتی دەریایی،کاتێك خۆمان هەڵدا زانیمان بەشێوەیەکی ئازاربەخش ئاوەکە ساردە،پازدە کۆمەڵەی تیپی دوو کەسی هەوڵیان دەدا بۆ تێپەڕبوون لە کەنداوە بچوکەکە،بەدوری دورگە بچوکەکان و قەوزە دەریاییەکاندا دەڕۆیشتن،دوای دوو کاتژمێر هاوتیپەکان ئەوەندە لێك جیاببوونەوە کە نەتدەزانی تۆ لەکوێی کۆمەڵەکەدایت،چوار کاتژمێر لە مەلەکردن، ماندوو و شەکەت،بێهەست و دابەزینی پلەی گەرمی جەستە،من و مارك خۆمان گەیاندە کەناراوەکە،ڕاهێنەرێك لە لێواری شەپۆلەکان چاوەڕێی دەکردین و هاواری کرد "بۆ

١. Clemente island

سـەرزەوی!!!".دەسـتەکان و پێیەکانم ئەوەندە ساردبوون کە نەمـدەتوانی هەسـت بە لمی ژێر قـاچەکـانم و نێوان پەنجەکانم بکەم،لە کاتێکدا سـەرم بەزۆری ڕاسـت ڕاگرتبوو تەنیـا دەمتوانی پێڵاوەکـانی ڕاهێنەرەکە ببینم کە بەدەوری من و مارك دەسـوڕایەوە،"دووبارە ئێوە هەردووك ئەفسـەر پۆلەکەتان شـەرمەزارکرد"ڕاهێنەرەکە دوو پێڵاوی جەنگی تریش زیـادبوون لەدەورمـان،پـاشـان هی تریش،چەنـدین ڕاهێنەر دەورەیـان لێدابووین،"ئێوە بوونە هۆی ئەوەی هاوپۆلەکانتان خراپ بێنە بەرچاو-پشـووبدەن بەڕێزان"ڕاهێنەرەکە،کاتێك من و مارك هەستاینەوە سەر پێیەکانمان سەیرێکی کەناراوەکەمان کرد زانیمـان ئێمە یەکەم تیـپ بووین کە مەلەکردنەکەمـان تەواوکـرد،ڕاهـێـنەرەکە زەردەخەنەی کـرد و گـووتـی "ئـێـوە هەمووتـان شـەرمەزار کرد تەنـانەت دووەم تیـپ هەر دیـار نییە".من و مارك سـەیری زەریاکەمان کردەوە تاکو دڵنیابین هیچ تیپێـك دیـار نییە،ڕاهێنەرەکە کەمێـك وەسـتـاو بە تۆقەکردن لەگەڵمـان گووتی"ئـافەرین بەڕێزان،دیـارە ئـازار و ئەشکەنجە زیادەکان بەهای خۆیاندا،من شەڕەفمەند دەبم بە کارکردن لەگەڵ ئێوە کاتێك گەیشتن بە کۆمەڵەکەمان".ئێمە سـەرکەوتووبووین،مەلەکردنە درێژەکە،کۆتا تاقیکردنەوەی ڕاهێنـانەکـان بوو،چەنـد ڕۆژێك دواتر من و مـارك بڕوانـامەی دەرچوونمان وەرگرت،مارك بووە ئەنـدامێکی کاریگەر لە هێزی تایبەتی دەریایی و تا ئەمڕۆش هاوڕێی نزیکی یەکترین.

تۆ لە ژیانتدا ڕووبەڕووی سـیرکێکی زۆر دەبیتەوە،تۆ بەهای شـکسـتەکانت دەدەیتەوە،بەڵام ئەگەر بەرگەبگریت،بهێڵیت ئەم شـکسـتـانە فێرت بکەن بەهێزت بکەن،کەواتە ئامادەدەبیت دەستبگریت بەسەر قورسترین کاتەکانی ژیانت.

مـانـگـی حەوتـی ١٩٨٣،یەکـێـك بـوو لەو بـارودۆخە قـورسـانە،کـاتـێـك لەبەردەم ئەفسـەری فەرمـانـدە وەستابووم،وامدەزانی ژیانم وەکو دەریاوانێکی هێزی تایبەتی دەریـایی کۆتـایی پێهـاتووە،من لە کۆمەڵەی هێزی دەریـایی تـایـبەت دەرکـرام،هـۆکـاری دەرکـردنەکەش ئەوەبـوو کە هەوڵمدەدا ڕێکخسـتنەکان بگۆڕم،شـێوازی ڕاهێنانەکان و ئەرکەکـان،چەنـدین ئەفسـەر و سـەربـازی لێهـاتوو لە کۆمەڵەکەدا هەبوون کە هەنـدێکیان لێهاتووترین جەنگـاوەر بوون کە تا ئێسـتا بینیبێتم،هەرچەندە هەندێك کەلتووری کـۆنـی سـەردەمـی جەنـگـی ڤـیەتـنـام هەبـوون،کە مـن بیرمدەکردەوە کاتی گۆڕینیان هاتووە،ئەوەی کە تێگەیشتووم گۆڕان هەرگیز ئاسـان نییە بەتایبەت بۆ کەسـانێك کە پێویستە بگۆڕێن،خۆشبەختانە ئەگەرچی وامدەزانی دەرکراوم بەڵام هەلی دووەمم پێدرا،ئەفسـەری کۆمەڵەکەم ڕێگەیـدا بـگـوازرێـمەوە بـۆ کـۆمەڵەیەکـی تـر لە هـێـزی تـایـبەتـی دەریایی،بەڵام ناوبانگم وەکو ئەفسەری هێزی دەریایی

تایبەت زۆر شێوابوو،بۆ هەر شوێنێك کە ڕۆیشتبام ئەفسەر و سەربازەکانی ئەو شوێنە دەیانزانی کە شکستم هێنا،
وە هەموو ڕۆژێك گوێم لێدەبوو دەیانگووت من شایەنی ئەوە نیم لە هێزی دەریایی تایبەتدا بم،لەم کاتەدا دوو بژاردەم هەبوو،وازبهێنم لە کارەکەم و وەکو دانیشتوویەکی ئاسایی بژیم کە بە قسەی ئەفسەری لەش ڕێکی[1] هەڵبژاردنێکی گونجاو بوو،یان ڕۆیشتن بەناو ڕەشەباکەدا و بۆ خەڵکی و بۆخۆم بسەلمێنم کە من ئەفسەرێکی باشی هێزی تایبەتی دەریاییم،من دووەمم هەڵبژارد.
دوای ئەوەی دەرکرام،هەلی دووەمم پێدرا کە دەرفەتێك بوو وەکو بەرپرسی کەرتی هێزی تایبەتی دەریایی دەستبەکاربم لە ئاوە دەرەکیەکاندا،زۆربەی کاتەکان ئێمە لە شوێنە دووردەستەکان بووین،جیاکراوە و بەتەنیا بووین،من سوودم لەم دەرفەتە وەرگرت تا پێشانبدەم هێشتا دەتوانم ڕابەرایەتی بکەم،کاتێك لە شوێنێکی داخراو لەگەڵ دوازدە هێزی (هێزی تایبەتی دەریایی) دەژیت هیچ شوێنێك نییە بۆ خۆ شاردنەوە،ئەوان دەزانن کاتێك تۆ ئیش بە سەدا سەدی وزەی خۆت دەکەیت لە ڕاهێنانی بەیانیاندا،ئەوان دەزانن کە تۆ یەکەم کەسیت لە فرۆکەکەدا خۆت هەڵدەدەیت و کۆتا کەسیت کە خواردن وەردەگریت،ئەوان دەزانن کە چەکەکەت پاکدەکەیتەوە،ڕادیۆکەت دەپشکنیت،دەزانن کە هەواڵەکان

١. Officer fitness report

لێکدەدەیتەوە و کورتەیەکی ئەرکی ڕۆژانەت دەنووسی،ئەوان دەزانن کە تەواوی شـــەوەکە خۆت ئامادەیی ڕاهێنانەکانی بەیانی کردووە.

بە تێپەڕبوونی مـانـگ لەدوای مـانـگ لەئـاوەکـانی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان،شـکسـتی ڕابردووم بەکار هێنا وەکو هـانـدانێـك بۆ کـاری زیـاتر،هەوڵی زیـاتر و زیـاترم دەدا بۆ کەســـانی فەوجەکە،هەندێکجار نەمدەتوانی باشــــترین بم بەڵام هەرگیز دەســـتم لە هەوڵـدان بۆ بــاشـــترینبوون بەرنەداوە.

کاتێك دووبارە توانیم ڕێزی پیاوەکانم بەدەست بێنمەوە،چەند ســـاڵێـك دواتر دەســـتنیشـــان کرام کە فەرمـانـدایەتی کۆمەڵەیەکی هێزی تایبەتی دەریایی بکەم.

وە لە کۆتـاییـدا فەرمـانـدایەتی تەواوی کۆمەڵەکـانی هێزی تـایبەتی دەریـاییم کردووە لە کەنـاراوەکـانی ڕۆژئـاوادا. لەســاڵی ٢٠٠٣ بەژداریم لە جەنگی ئێڕاق و ئەفغانســتاندا کردووە،کـاتێـك من ئەدمیڕاڵی[1] تەواوی هێزەکـانی دەریـایی بووم و ڕابەرایەتی ســـەربازەکانم دەکرد،هەر بڕیارێکم دابا دەرئەنجامی خۆی دەبوو،لەم چەند ســاڵانەی دواییدا،تووشــی کێشە دەبووم،بەڵام بۆ هەر شکستێك،هەر هەڵەیەك سەدان سەرکەوتن هەبوو،ڕزگارکردنی بارمتەکان،ڕاگرتنی بۆمب

بەدەســتە خۆکوژەکان،دەســتگیرکردنی چەتەکان،کووشــتنی تیرۆریســـتەکـان،چەنـدین ژیـانی ڕزگـارکرد،من زانیم کە شــکســـتەکانی ڕابردووم منیان بەهێزترکرد،فێری کردم کە هیچ کەسـێك نییە هەڵە نەکات،ڕابەرانی ڕاسـتەقینە ئەبێت لە شـــکســـتەکانیانەوە فێربن،وانەکان بەکاربهێنن تاکو ورە بەخۆیان بدەن،وە مەترسێ بۆ دوبارە هەوڵدانەوە و بڕیارێکی قورســی تر،تۆ ناتوانیت لە ســیرك دووربکەویتەوە،هەمووман ئەکەوینە لیستی سیرکەوە،لە سیرك مەترسە!

وەرگێـــڕ:پلەی ئەدمیـــڕاڵ لە برزتـــرین پلەکـــانی هێـــزی دەریـــاییە کە فەرمانـــدایەتی تەواوی هێزەکـــانی دەریـــایی دەکـــات پـــلەی جەنەڕاڵـــی جەنگـــیش هەر وەکـــو پـــلەی ئەدمیـــڕاڵە بەڵام فەرمانـــدایەتی تەواوی هێزەکانی زەمینی دەکات.

# وانەی شەشەم
# دەبێت زۆر چاونەترس بیت

ئەگەر دەتەوێت جیهان بگۆڕیت بەسەر بەرەو
بەربەستەکان بڕۆ

لەکاتێکدا لەسەر سەکۆی بورجێکی نۆ مەتری وەستابووم،پەتێکی نایلۆنی ئەستوورم گرت،لایەکی پەتەکە بە بورجەکەوە بەسترابوو لایەکەی تریش سی مەتر ئەولاتر بە ئاسنێکەوە بەسترابوو،من لەکاتی تێپەڕاندنی بەربەستەکە بووم و خەریکبوو ئاستی پێوانەیی ببەزێنم،لە کاتێکدا قاچەکانم لە سەرەوە ئازادبوون،پەتەکەم گرتبوو بۆ پاراستنی ژیانم،دەستم بە ڕۆیشتن کرد لەسەر سەکۆکە،جەستەم لەژێر پەتەکە شۆڕبووە و وەکو کرمێك بەهێواشی هەنگاو بە هەنگاو دەڕۆیشتم بۆ لایەکەی تر،کاتێك گەیشتمە لایەکەی تر دەستم لە پەتەکە بەرداو خۆم هەڵدایە سەر لمە نەرمەکەو ڕۆیشتم بەرەو بەربەستی دواتر،قوتابیەکانی تر هاواریان دەکرد تاکو ورەم پێبدەن،بەڵام تاکە شت کە گوێم لێدەبوو دەنگی ڕاهێنەرەکەم بوو کە خولەکەکانی دەژمارد،کاتێکی زۆرم لە خلیسکێنەی ژیان لەدەستدا[١]،شێوازی پاسم[٢] کە لەسەر پەتەکە بەکارمهێنابوو زۆر خاو بوو،بەڵام نەمدەتوانی خۆم ڕازی بکەم سەراوسەر خۆم لەسەر پەتەکە بخلیسکێنم،بەکارهێنانی ڕێگایەك کە پێی دەگووترێت شێوازی کۆماندۆ[٣] زۆر خێراترە بەڵام زۆریش مەترسیدار

١. Life slide
٢. Possum: گیاندەرێکە شێوەی لە جرج نزیکە و لەگەڵ کەنغەرەکان سەر بەیەک خێزانن
٣. Commando style

تره،کاتێك لەسەر پەتەکەیت جێگیریت کەمترە لەوەی کاتێك بە پەتکەکەدا شۆڕبوویتەوە،وە ئەگەر بکەویتە خوارەوە و زیان بەخۆت بگەیەنیت لە پۆلەکەدا دەردەکرێیت
،من بە کاتێکی نائومێدانە لە هێڵەکە تێپەڕبووم،لە کاتێکدا کە شـــۆڕببوومەوە و هەوڵمدەدا هەناســـەیەك هەڵمژم،کۆنە سەربازێکی جەنگی ڤیەتنام بە پێڵاوە سبوخکراوەکانی و جلە ســەوزە تۆخەکەی خۆی بۆلای من چەماندەوە و گووتی "کەی دەتەوێت فێربیت بەڕێز ماك"،ســـوکایەتی کردن لە ئاوازی دەنگەکەیەوە دیاربوو،"ئەم ڕێگایە هەموو جارێك شــکســتت پێـدەهێنێـت مەگەر تۆ هەنـدێـك مەترســـی ئەنجـام بدەیت"ڕاهێنەرەکە.
هەفتەیەك دواتر،ترسەکەمم بەلاوە نا،ڕۆیشتمە سەر پەتەکە و سەراوسەر خۆم خلیسکاند لەسەر خلیسکێنەی ژیان،کاتێك لە هێلەکە تێپەڕبووم بە باشـــترین کات،بینیم ســـەربازە کۆنەکەی ڤیەتنام سەری بە ئاڕاستەی ڕازیبوون لەقاند،ئەمە وانەیەکی ســـادەبوو بۆ زاڵبوون بەســـەر نیگەرانیەکانتدا و بڕواکردن بە تواناکانـت تاکو کارێك تەواو بکەیـت،وانەیەك کە ساڵەکانی داهاتوو باش خزمەتی کردووم.
ساڵی ٢٠٠٤ لە عێڕاق،دەنگی پشت ڕادیۆکە ئارام بوو بەڵام پەیامێکی لەناکاوی لەگەڵ بوو،شـوێنی سـێ بارمتە کە ئێمە بەدواییاندا دەگەڕاین دەسـتنیشـان کرابوو،ئەلقاعیدە ئەوانی لە ناوچەی بە دیوار دروسـتکراو لە بەغدا زیندانی کردبوو،بە

داخەوە بەشـــــی زانیاریەکان گووتیان کە تیرۆریســـــتەکان دەیانەوێت شـــوێنی بارمتەکان بگۆڕن،وە ئێمە دەبوو خێرا دەســـتبەکارباین،عەقیدی ســـوپاکە کە ڕاســـپێردراو بوو بۆ ئەرکی رزگارکردنی بارمتەکان پێیگووتم دەبێت هێرشـــێکی مەترســیدار لە ڕۆژدا ئەنجام بدەین،خراپتر لەوە ئەوە بوو کە تاکە ڕێگای ســـەرکەوتنی ئەرکەکە ئەوەبوو دەبوو ســـێ هێلیکۆپتێر بە ســەربازەوە لە ناوەندێکی بچووك لەناو دیوارە بازنەییەکەدا بێنە خوارەوە،ئێمە قســـەمان لەســـەر چەندین شـــێوازی تر کرد،بەڵام ڕوون بوو کە عەقیدەکە ڕاســـــت دەکات،هەمیشــە ئەرکی ڕزگارکردن لە شــەودا ئەنجام دەدرا چونکە شـــتێکی کتوپڕ دەبوو بۆ دوژمن،بەڵام ئەمجارە ئاوا نەبوو وە ئەگەر زوو دەســـتبەکار نەباین بارمتەکانیان دەکوشـــت یان بۆ شـــوێنێکی تریان دەبردن،من ئەرکەکەم قبوڵکرد لە چەند خولەکێکدا هێلیکۆپتەرەکانی هەڵۆی ڕەش[١] لە ڕێگابوون بۆ شـــوێنی دوژمن،لە ســـەرەوەی ئەم ســـێ هێلیکۆپتەرە دانەیەکی تریش وێنەی ئەو شـــوێنەی بۆ ناوەندی فەرماندەیی من دەگواســـتەوە،من بە بێدەنگی سەیری ڕۆیشتنی سێ هێلیکۆپتێرەکەم دەکرد بۆ ناو بیابان چەند مەترێك لە سەرەوەی شوێنی دەستپێك دەجولان تاکو ڕێگاکەیان شـــاراوە بمێنێتەوە،لە ناوچەیەکی کراوە پیاوێکم دەبینی کە بە چەکی خۆکارا هاتووچۆی ناوەوە و دەرەوەی

١. Black hawk

باڵەخانەکەی دەکرد پێدەچوو خۆی ئامادەبکات بۆ جێهێشتنی شـــوێنەکە،هێلیکۆپتێرەکان تەنیا پێنج خولەك لە شـــوێنی ئەرکەکە دووربوون،تەنها کار کە دەمتوانی بیکەم گوێ لە قســـەکانی هێزی ڕزگارکردن بگرم کە خۆیان بۆ کۆتاجار ئامادەدەکرد،ئەمە یەکەمین ئەرکی ڕزگارکردنی بارمتە نییە کە بینیومە،وە کۆتایەمینیشـــیان نییە،بەڵام بەدڵنیاییەوە بوێرانەترینە، بە نیشـــتنەوە لە ناوچەکە دەبێت ببێتە هۆی سەرلێشێوانی دوژمن،هەرچەندە فڕۆکەوانانی هێزی ئاسمانی بـاشـــترینەکـان بوون لە جیهـانـدا،بەڵام ئەرکەکە زۆر مەترسیداربوو،سێ هێلیکۆپتێر بە پەروانەی نزیکەی هەژدە مەتر دەبێت لە شـــوێنێکی زۆر کەم بێنە خوارەوە،هەروەها دیوارێك بە بەرزی دوو مەتر و نیو دەورەی ناوچەکەی داوە،کە وای لە فڕۆکەوانەکان دەکرد گۆشـــەی نیشـــتنەوەی خۆیان بەزەحمەت بگۆڕن،نیشـــتنەوە زۆر دژوار دەبوو،وە لە ڕادیۆکە دەمتوانی گوێم لە هێزی ڕزگارکردن بێت ئامادەکاریان دەکرد بۆ دەســـتبەکاربوون،لە ڕێگەیی بینینی ئاســـمانیەوە دەمتوانی کۆتا جوڵەکانی هێلیکۆپتێرەکان ببینم،یەکەمینیان نیشـــتنەوەیەکی تەختی هەبوو بەڵام کـاتێـك گەیشـــتە دیوارەکە و بەرزبوویەوە و بە خێرای لە شـــوێنە بچوکەکە نیشـتەوە،یەکســەر هێزی ڕزگارکردن لە هەڵۆی ڕەش هاتنە خوارەوە و دەســـتیان بە گەڕانکرد لە باڵەخانەکدا،دووەمین هێلیکۆپتێر ڕێك لەدوای یەکەمیان

چەند مەترێك ئەولاتر نیشتەوە،تەپ و تۆزی جوڵەی پەروانەی هێلیکۆپتێرەکـان بووە هۆی ئەوەی هەورێکی تەپ و تۆزی دروستبێت لە ناوچەی نیشتنەوەکە،کاتێك سێیەم هێلیکۆپتێر گەیشــت تەپ و تۆزەکە ڕێگری لە بینینی فڕۆکەوانەکە کرد بۆ ماوەیەکی کاتی،کاتێك گەیشـتە دیوارەکە بەرز بوویەوە و پێشەوەی هێلیکۆپتێرەکە ڕۆیشت بەڵام دواوە بەر دیوارە دوو مەتـر و نـیـویەکە کەوت و کەرپـووچـی بـۆ هەمـوو لایەك فڕێــدەدا،هیچ شـــوێـنـێکی زیــادەش نەبوو،فڕۆکەوانەکە هێلیکۆپتێرەکەی نیشـــانـدەوە بە قورســـی،بەڵام هەموو ئەوانەی لەنـاویـدا بوون ســـەلامەت بوون چەنـد خولەکێك دواتر پەیـامێکم پێ گەیشـــت کە ســـەرجەم بـارمتەکـان ڕزگـارکراون لە مـاوەی ســـی خولەکـدا،هێزی ڕزگـارکردن و پیـاوانی ئـازادکراو لە ڕێگـای هـاتنەوە بوون بۆ شـــوێنی ســـەلامەت،قومارەکە ئەنجامی هەبوو بە درێژایی دەیەیەك دواتر زانیم لەبەرچاوگرتنی مەترسی شتێکی ئاسایی بوو لە هێزی خســتنەگەڕی تایبەت،ئەوان هەمیشــە ســنووری تاکە کەسی و ئامێرەکانیان دەبەزاند بۆ سەرکەوتن،لە زۆر ڕێگاوە ئەمە ئەو شـــــتەیە کە ئەوان لە کەســـــانــی تــر جـــیـــادەکـــاتەوە،هەرچەنـــدە دژی ئەوەی کە خەڵـــك دەیـبـیـنـێــت،بەزۆری ڕێـژەیـی مەتـرســـیـی خەمڵێنــدراوە و بـیـریـلـێـکـراوەتەوە و پـلانـی بـۆ دانــدراوە،تەنــانەت ئەگەر مەترســـییەکان نەزاندراویش بێت ئەنجامدەران ســـنووری

خۆیـان زانیووە بەڵام ئەوەنـدە بڕوایـان بەخۆیـان هەبووە کە هەوڵبدەن.

من بە درێژایی ماوەی پیشـــەگەریم ڕێزێکی زۆرم بەرامبەر هێزی ئاسـمانی بەڕیتانی تایبەت[١] هەبووە،دروشـمی ئەوان ئەمەیە کە دەڵێن"کەسێك کە بوێرە،دەیباتەوە".ئەم دروشمە بەشـێوەیەکی زۆر سـتایشـی لێدەکرێت،بەشـێوەیەك کە پێش هێرشـــــی دەســـــتگیرکردنی بن لادن[٢]،عەریف "کریس فێریس[٣]"دەڵێت "بۆ من ئەم دروشـمە زیاترە لەوەی کە چۆن هێزی بەڕیتـانی تـایبەت دەجوڵێتەوە وەکو یەکەیەکـی ســـەربازی،بەڵکو دەربارەی ئەوەیە کە هەر یەکێك لە ئێمە دەبێت لە ژیانماندا بەکاری بهێنین".

ژیان جەنگە و ئەگەری شکست هەمیشە بوونی هەیە،بەڵام کەسـانێك کە دەژین لەناو ترس لە (شـکسـت یان سـەختی یـان شـــەرمەزاربـوون) هەرگـیـز نـاگەن بە تـوانـا ڕاســتەقینەکانیان،بەبێ بەزاندنی ســنوورەکانت،هەندێکجار بەبێ خۆ خلیســکاندن لەســەر پەتەکە ســەراوســەر،بەبێ ئـازایەتیکردنی گەورە،تۆ هەرگیز نـازانیـت بەڕاســتی چی شتێك ئەگەری ڕوودانی هەیە لە ژیانتدا.

١. British special air forces (SAS)
٢. Bin ladin
٣. Chris faris

# وانەی حەوتەم
# لەدژی چەوسێنەرەوەکان بوەستە

ئەگەر دەتەوێت جیهان بگۆڕیت

چۆک دامەدە لەبەردەم قرشەکان

کاتێك ویستمان مەلەکردنی شەش کیلۆمەتر و نیوی شەوانەمان بکەین ئاوی دورگەی سان کلێمێنت سارد و شەپۆلدار بوو،نیشانەدار مارك تۆماس لە هەوڵدابوو جوڵەی دەستەکانمان هەماهەنگ بکات،هیچ شتێکمان پێنەبوو جگە لە جلێکی تەڕی بەرین،ماسکێك و جووتێك پێڵاوی مەلەکردن،دژی ئاڕاستەی ئاوەکە کە بەرەو باشووری دورگەیەکی بچووك دەڕۆیشت مەلەمان دەکرد،ڕووناکی سەربازگەکە هێواش هێواش دیار نەدەما بە مەلەکردنمان بەرەو زەریاکە،کاتژمێرێك دواتر کیلۆمەترێك و نیو دووربووین لە کەناراوەکە و دیاربوو لەناو ئاوەکەدا بەتەنیا بووین،تەواوی مەلەکەرەکانی دەورووبەرمان بەهۆی تاریکیەوە دیارنەمابوون،دەمتوانی لەڕێگەی شوشەی ماسکەکەی مارکەوە چاوەکانی ببینم پێدەچوو بارودۆخی ئەو ئاوێنەی بارودۆخی منبێت،هەردووکمان دەمانزانی کە ئاوەکانی سان کلێمێنت پڕن لە قرش،نەك هەر قرشێك بەڵکو قرشی گەورەی سپی(دڕندەترین جۆری قرش)وەرگێڕ، گەورەترین و مەترسیدارترین و مرۆڤخۆرترینن لە زەریادا،ئەو شەوە پێش مەلەکردنەکە ڕاهێنەرەکان چەند خاڵێکیان دەربارەی هەموو ئەو مەترسیانەی کە لە بەردەممان بوون پێدابن،لەو ئاوانەدا قرشی پڵینگی،قرشی ماکو،قرشی سەرچەکوشی و قرشی گێرەکەر تێیدا هەن،بەڵام ئەوەی لە

هەمووان زیاتر لێی دەترسابن قرشی گەورەی سپی بوو،لەو شەودا شتێك کەمێك بێزارکەر بوو لەسەر بەتەنیابوون،ئەویش ئەوەبوو کە دەمانزانی لە ناوەڕاستی زەریاکەدا لەژێر ئاوەکە بوونەوەرێکی پێش مێژوو بوونی هەیە کە چاوەڕێدەکات ئێمە بکات بە دوو پارچەوە،بەڵام هەردووکمان ئەوەندە حەزمان لە بوون بە ئەندامی هێزی دەریایی تایبەت بوو کە هیچ شتێك نەیدەتوانی بمانوەستێنێت،ئەگەر ناچاربابن لەگەڵ قرشەکان شەڕمان بکردبا کەواتە هەردووکمان ئامادە دەبووین،ئامانجەکەمان ئەوەندە جێگای ڕێز و ستایشبوو،ئازایەتی پێدەداین،وە ئازایەتیش گەوهەرێکی بەرچاوە،هیچ شتێك وە هیچ کەسێك ناتوانێت بێتە سەر ڕێگات،بەبێ ئازایەتی،کەسانی تر ڕێگاکەت بەرەو پێشەوە دیاریدەکەن،بەبێ ئازایەتی،دەکەویتە ژێر سایەی فریودانەکانی ژیان،بەبێ ئازایەتی،مرۆڤ دەکەوێتە ژێر دەسەلاتی ستەمکاران و دیکتاتۆران،بەبێ ئازایەتی،هیچ کۆمەڵگایەك ناگەشێتەوە،بەبێ ئازایەتی،چەوسێنەرەوەکانی جیهان گەشەدەکەن،بەڵام بە ئازایەتی،تۆ دەتوانی هەموو ئامانجێکت بپێکیت،بە ئازایەتی،تۆ دەتوانی بەرەنگاری شەیتان ببیتەوە و شکستی پێبێنیت.

سەدام حوسێن،سەرۆکی ڕابردووی عێڕاق،لەسەر تەختێکی نووستنی کۆنی سەربازی بە جلێکی پڕتەقاڵیەوە دانیشتبوو،بیست و چوار کاتژمێر زووتر لەلایەن هێزی ئەمریکاوە دەستگیرکرابوو،ئەو ئێستا زیندانی ویلایەتە یەکگرتووەکانە،کاتێك دەرگام کردەوە تاکو ڕابەرە نوێیەکانی حکومەتی عێڕاق بێنە ژوورەوە،سەدام هەر بە دانیشتووی مایەوە،بزەیەکی کرد و هیچ نیشانەیەکی پەشیمانی و خۆبەدەستەوەدان بە ڕووخساریەوە دیار نەبوو،یەکسەر چوار ڕابەرە نوێیەکەی عێڕاق دەستیانکرد بە هاوارکردن بەسەر سەدامدا،بەڵام لە دووریەکی سەلامەت،بە نیگایەکی گاڵتەئامێز،سەدام زەردەخەنەیکی بکوژی پێدان و ئاماژەی بەوانکرد کە دانیشن،هێشتا دەترسان لە ستەمکاری پێشوو،هەر یەکەو لەسەر کورسیەك دانیشتبوون و بەردەوامبوون لە هاوارکردن لەسەر سەدام،بەڵام دواتر هێور بوونەوە کاتێك ستەمکاری پێشوو دەستیکرد بە قسەکردن، لەژێر دەسەڵاتی سەدام،حیزبی بەعس بەرپرسی مردنی هەزاران شیعەی عێڕاقی و دەیان هەزار (کورد[1]) بوو،سەدام بۆخۆی چەند جەنەڕاڵێکی خۆی لەسێدارە دا تەنیا لەبەر ئەوەی گومانی لە وەفاداری ئەوان کردووە،ئەگەرچی من بڕوام هەبوو کە سەدام چیتر مەترسیەك نییە بۆسەر کەسانی ناو ژوورەکە،بەڵام ڕابەرانی عێڕاقی زۆر دڵنیا نەبوون،لە چاوەکانی ئەواندا ترس بە ئاشکرایی دەبیندرا،ئەم

١. Kurd (کورد)

پیاوە قەسابەکەی بەغداد[١]، بۆ چەندین دەیە خەڵکی میلەتێکی دەکووشت،کەسایەتیەکەی وایکرد کە شوێنکەوتووی هەبێت بە خراپترین جۆرەکانیەوە،پیاو کوژەکانی کەسانی بێتاوانیان کوشتووە و هەزاران کەسیان ناچار کردووە وەڵات جێبهێڵن،هیچ کەسێك لە عێراق بوێری نەبووە ڕووبەڕووی ئەم ستەمکارە ببێتەوە،بەبێ هیچ گومانێك لە مێشکمدا ئەم ڕابەرە نوێیانە هێشتا لە سەدام دەترسێن کە دەتوانێت چی لەدەست بێت-تەنانەت لەپشت ئاسنەکانی زیندان.

ئەگەر ئامانجی یەکتر بینینەکەی سەدام و ڕابەرەکان ئەوە بووبێت کە پێشانی سەدام بدەین ئیتر هیچ دەسەڵاتێکی نییە،ئەوا شکستمان دەهێنا،لەو کاتە کەمەدا سەدام توانی ڕابەرە نوێیەکان بترسێنێت،ئەو پێدەچوو زیاتر لەهەر کاتێکی تر بڕوای بەخۆی هەبێت،کاتێك ڕابەرە نوێیەکان ڕۆیشتن،فەرمانم بە پاسەوانەکانمدا کە سەرۆکی ڕابردوو بۆ ژوورێکی بچووك ببەن،لەوێ هیچ سەردانیکەرێك نەدەبوو،وە فەرمانم بە پاسەوانەکان دابوو کە قسە لەگەڵ سەدام مەکەن،بەدرێژایی مانگێك دواتر،هەموو ڕۆژێك سەردانی ژوورە بچوکەکەم دەکرد،هەموو ڕۆژێك سەدام بۆ بەخێرهاتنکردنی من هەڵدەستایەوە،وە هەموو ڕۆژێك بەبێ قسەکردن،بە سەدامم دەگووت بگەڕێتەوە سەر

١. The butcher of Baghdad(کتێب)

جێگاکەی،پەیامەکە ئاشـــکرابوو،ئەو ئیتر هیچ گرینگیەکی نەبوو،ئیتر نەیـدەتوانـی دەوروبەرانـی بترســـێنێـت،ئیتر نەیدەتوانی هەسـتی ترسـان لە شـتەکاندا بچێنێت،کۆشـکە بچوکەکەی لەناوچووبوو،تەواوی خزمەتکاران و ئەفســەرەکان و جەنەڕاڵەکانی لەناوچووبوون،دەســـەڵاتی لەناوچووبوو،خۆ بەزلزانی و ســـتەمکاریەکەی کە پێناســـەی دەســـەڵاتەکەی کردبوو کۆتایی پێهاتبوو،ســەربازە ئەمریکیە گەنج و ئازاکان لەبەردەم ستەمەکانی ئەو وەستانەوە،ئیتر مەترسی نییە بۆ هیچ کەس،سی ڕۆژ دواتر،سەدامم گواستەوە بۆ یەکەیەکی پۆلیســـی ســـەربازی،وە ســـاڵێك دواتر عێراقیەکان ئەویان لەسێدارەدا بەهۆی تاوانەکانی بەرامبەر میلەتەکە.

چەوســـــێـنەرەوەکــان هەمــوویــان وەکــو یەکــن،چ لە قوتـابخـانەبن،یـان لە شـــوێنی کـارکردن بن،یـان وەڵاتێـك بەڕێوەببەن لەســـەر بنەمای ترس و زۆرداری،ئەوان لەســـەر گەیاندنی ترس گەشـــە دەکەن،چەوســـێنەرەوان هێزەکانیان بەدەســـت دێنن لە ترس و لاوازی کەســـانی تر،ئەوان وەکو قرشـــێك وان کە هەســـت بە ترس دەکەن لەناو ئاودا،ئەوان چواردەورەیی نێچیرەکـانیـان دەگرن تـاکو بزانن هەوڵـدەدەن یاخود نا،سەیری دەکەن بزانن لاوازە یاخود نا،ئەگەر ئازایەتی ئەوەت نەبێت لە شـــوێنی خۆت بوەســـتیت،ئەوان هێرش دەکەن،لە ژیاندا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەت،بۆ تەواوکردنی

مەلەکردنی شـــەوانە،دەبێـت پیـاوان و ژنـانی زۆر ئـازا بن،(ئـازایەتی لە ناخی هەمووماندا هەیە،ئەگەر ناخی خۆت بە قوڵی هەڵبکۆڵیت،ڕێژەیەکی زۆر ئازایەتی دەدۆزیتەوە).

## وانەی هەشتەم
## لە بارودۆخەکەدا هەستەوە

ئەگەر دەتەوێت جیهان بگۆڕیت

باشترینی خۆتبە لە کاتە تاریکەکاندا

من لەسەر تەپۆلکەیەکی لمینی بچووك دانیشتبووم،سەیری کەنداوەکەم دەکرد کە کەشتییە جەنگیەکان لەنگەریان لە سەربازگەی دەریایی کۆڵانی سی و دوو[1] دانابوو،لەنێوان کەشتیەکان و ئەو شوێنەی کە ئێمە لێی وەستابووین،کەشتیەکی بچووك لە کەنداوی سان دییگۆ لەنگەری دانابوو کە دەبێتە ئامانجی ئەم شەوەمان،وانەی ڕاهێنانەکانی ئەم چەند مانگەی ڕابردوومان لەسەر ژێرئاو کەوتن بوو بە ئامێرە پێشکەتووەکان،ئەم شەو بەشی کۆتایی قۆناغی ژێرئاو کەوتنە،هەروەها بە شێوەیەکی کرداری قورسترین بەشی ڕاهێنانەکانی هێزی دەریایی تایبەتە.

ئامانجی ئێمە دوو هەزار مەتر مەلەکردنە لەژێرئاو،لەو شوێنەوەی کە ئێمەی لێین تاکو کەشتیەکە،لەژێر کەشتیەکە دەبوو مینەکانی (دژە کەشتی) بە بەشی ژێرەوەی کەشتیەکە بلکێنین و بەبێ ئەوەی بناسرێینەوە بگەڕێینەوە کەناراوەکە،جلی ژێرئاوکەوتنی ئێمێرسۆن[2] بە سەکۆی مەرگ ناسراوە،چونکە هەندێکجار بەباشی کاری نەدەکرد،بەپێی چیرۆکە کۆنەکانی هێزی دەریایی،چەندین کەس بەهۆی ئەم ئامێرەوە مردوون.

شەو،لە کەنداوی سان دییگۆ ڕێژەی بینین ئەوەندە کەمبوو کە نەتدەتوانی دەستەکانت ببینی لەبەردەم ڕوخسارت،تاکە

١. ٣٢nd street naval base
٢. Emerson rebreather

شت کە هەمانبوو لایتێکی سەوزی کیمیای بچووك بوو کە قیبلەنەمایەکەمانی ڕووناك دەکردەوە،بۆ خراپترکردنی بارودۆخەکە تەم و مژیش هاتە ناو بابەتەکە،ئەم بارودۆخە وایکرد کە بە سەختی ئیش بە قیبلەنەمایەکە بکەین،ئەگەر ئامانجەکەمان لەدەست دابا ئەوا خۆمان لەسەر ڕێگای جوڵەی کەشتیەکان دەدۆزیەوە،هەرگیز شوێنێکی باش نییە بۆ مانەوە بەتایبەت کاتێك ژێردەریایی جەنگی دەهاتە بەندەرەکە.

ڕاهێنەرەکان لەبەردەم بیست و پێنج جووت مەلەواندا دەڕۆیشتن تاکو شوێنەکە ئامادە بکەن بۆ ژێرئاوکەوتنی شەوانە،پێدەچوو ڕاهێنەرەکانیش ئەوەندەی ئێمە نیگەران بن،ئەوان ئەگەری بەرزی ئەوەیان دەزانی کە دەکرێت کەسێك ئازاری پێبگات یان بمرێت،ئەفسەری کۆمەڵەکە کە بەرپرسی ئەم مەلەکردنە بوو فەرمانیدا کە هەموو مەلەکەرەکان لە بازنەیەکدا کۆببنەوە،گووتی"بەڕێزان! ئەمشەو دەردەکەوێت کامە لە ئێوە دەریاوانان بەڕاستی دەیەوێت ببێت بە پیاوێکی بۆقی[دەریاوانێکی لێهاتوو]،دەرەوە سارد و تاریکە،ژێر کەشتیەکە زۆر تاریك ترە،ئەوەندە تاریکە تووشی سەرلێشێوان دەبیت،ئەوەندە تاریکە ئەگەر لە هاوتیپەکەت جیابیتەوە ئەو ناتوانێت بتدۆزێتەوە".تەم و مژەکە ئەوەندە نزیك کەوتەوە کە کەناراوەکە بەباشی

نەدەبیندرا،"ئەمشـەو دەبێت باشـترینی خۆتان بن،پێویسـتە پێش ترس و دوودڵی ماندووبوونتان بکەونەوە،گرینگ نییە کە چەند تاریک دەبێت،دەبێت ئەم ئەرکە تەواو بکەن،ئەمە ئەو شـتەیە کە جیاتـان دەکاتەوە لەوانی تر"ڕاهێنەرەکە. بەجۆرێك تاکو سـی سـاڵی دواتر ئەم قسـانە لە مێشـکمدا مانەوە.

بەنزیك کەوتنەوەی تەم و مژ لە سـەربازگەی ئاسـمانی باگرام[١] لە ئەفغانسـتان،کاتێکی تری تاریك ڕووبەڕووم بوویەوە،فڕۆکەیەکی گەورەی سـی-١٧[٢] لەناو مژەکەدا وەسـتا،پەیژەکانی هاتنە خوارەوە،چاوەڕێی کرد تاکو پاشـماوەکانی جەنگاوەرێکی کوژراو وەربگرێتەوە،ئەمە مەڕاسـیمی ڕێزلێنان بوو[٣]،ئەمە یەکێك لە سـامناکترین و ئیلهامبەخشترین دیمەنی جەنگی نێوان عێڕاق و ئەفغانستان بوو،ئەمە ئەمریکا بوو لە باشـترینەکانیدا،هەموو پیاوێك،هەموو ئافرەتێك،بێ گوێدانە پێشینەییان،بێ گوێدانە کۆتا سـاتەکانیان کە چەندە پاڵەوانانە بوون،ڕووبەڕووی شـەرەفێك و شانازیەکی زۆر بوونەوە،ئەمە شـێوازی میلەتی ئێمەیە کە چۆن پێزانینمان هەیە بەرامبەر قوربانیدانی ئەوان،ئەمە کۆتا ڕێزلێنانمان بوو،کۆتا سـوپاسـکردنمان،وە نزاکردنمان بۆیان و ناردمانە ماڵەوەنیشتیمان.

١. Bagram airbase
٢. C-١٧
٣. Ramp ceremony

له سەرەتای پەیژەکەوە دوو ڕیز سەرباز وەستابوون،قەڵغانی شەڕەفیان پێکهێنابوو،لەلای ڕاستی فڕۆکەکە تیپێکی مۆسیقای سێ کەسە بە ئارامی گۆرانی "جوانی سەرسوڕهێنەر[1]"یان دەگووتەوە،هەندێکی تر بەخۆشمەوە لەلای چەپی فڕۆکەکە کۆببووینەوە،وە بە درێژایی شوێنی فڕۆکەکە سەدان سەرباز وەستابوون،دەریاوانەکان، فڕۆکەوانەکان،هێزی پێکدادانی ئاوی،کەسانی مەدەنی و کەسانی خۆمان،هەموویان هاتوون کۆتا ڕێزی خۆیان پێشکەش بکەن،هەمەڕێکی جەنگی نوێ پاشماوی تەرمەکەی دەگواستەوە،لە کاتی خۆیدا گەیشت،شەش پیاو کە لەگەڵ جەنگاوەرە مردووەکە لەیەك کۆمەڵەدا بوون هاتن تابوتەکەیان هەڵگرت،کاتێك تابووتی بە ئاڵا داپۆشراو هێندرایە خوارەوە،ئەم پیاوانە بە ئارامی لەنێوان قەڵغانی شەڕەفدا ڕۆیشتن بەرەو فڕۆکەکە،تابوتەکەیان لە بەشی پشتەوەی فڕۆکەکە دانا،بە وریایی هاتنەوە و ڕێزی خۆیان پێشاندا و سڵاوی سەربازیان کرد،قەشەکە سەری خۆی چەماندەوە و بەشی ٦:٨ ئینجیلی خوێندەوە،"وە من گوێم لە دەنگی پەروەردگار بوو گووتی دەبێت چ کەسێك بنێرم و چ کەسێك لەپێناو ئێمە دەڕوات؟ وە من گووتم،من لێرەم،من بنێرە"،لەکاتی لێدرانی کەڕەناکان[2]،فرمێسکی سەربازەکان هاتنە

١. Amazing grace
٢. کەڕەنا:ئامێرێکی مۆسیقایە

خوارەوە،هیچ شـــتێـك نەبوو كە بتوانن ئـازارەكەیـان پێ بشارنەوە،كاتێك هەڵگری تابووتەكان ڕۆیشتن،ئەو كەسانەی كە بەڕیز وەستابوون یەك یەك دەچوونە پێشەوە ڕێزی خۆیان پێشـان دەدا و لەبەردەم تابووتەكەدا چۆكیان دائەدا بۆ كۆتا جار.
فڕۆكەی ســـی- ١٧ هەمان بەیانی ئەوێی جێهێشـــت و لە ڕێگادا دووبارە ســـوتەمەنی پڕكردەوە و گەیشـــتە ناوەندی هێزی ئاسـمانی دۆڤەر[١]،لەوێ قەڵغانێكی تری شـەڕەفی لێبوو بـۆ پـێشـــوازیـكـردن لەگەڵ خـانەوادەی ســـەربـازە كەوتـووەكە،تـابـووتەكە دەبـیـنـن و دەیـبەنەوە مـاڵەوە. هیچ كاتێك لەوە تاریكتر نییە كاتێك كەســێك لەدەســـت دەدەیت كە خۆشـــتدەوێت،وە من چەندین جار بینیومە كە چۆن خانەوادە،یەكەكانی سەربازی،شارەكان و وەڵاتێك،بووین بە بـاشـــتـریـنـی خـۆمـان لەو كـاتە خەمـنـاكـانەدا. كـاتێـك وەگەڕخەرێكی تـایبەتی ســـوپا لە عێڕاق كوژرا،برا دووانەكەی ڕێـك وەســـتـا،دڵنەوایی هـاوڕێیەكـانی براكەی دەدا،خانەوادەكەی لەیەك كۆكردەوە تاكو دڵنیا بێتەوە براكەی شـــانـازی بە بەهێزی ئەو دەكـات لەو كـاتە پێویســـتەدا. كاتێك كۆماندۆیەكی كوژراو لە ســـەربازگەی ســـاڤانا[٢] لە جۆرجیـا[٣] گەڕێنـدرایەوە بۆ مـاڵەوە،تەواوی كۆمەڵەكەی،بە جوانترین شێوە جلە تایبەتیەكانیان لەبەركردبوو،لە

١. Dover air force base
٢. Savannah
٣. Georgia

کەنیســـــەوە تــاکو میوانخــانە دڵخوازەکەی هەڵیــانگرت،بە درێژایی ڕێگاکە تەواوی شاری ساڤانا هاتنە دەرەوە،
ئــاگرکوژێنەوەکــان،پۆلیســـەکــان،کۆنەســـەربــازەکــان و دانیشـــتووانی مەدەنی،ڕێزی خۆیان پێشـــاندا بەرامبەر ئەو سەربازە گەنجە کە بەشێوەیەکی قارەمانانە لە ئەفغانستاندا کوژرا،بە کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەی ســـی-ڤی ٢٢[١]،کوژرانی فڕۆکەوان و ســـەرنشـــینەکانی،تەواوی ئەندامانی کۆمەڵەی ئەوان لە هێزی ئــاســمــانی کۆبوونەوە و ڕێزی خۆیــان پێشــاندا،ڕۆژی دواتر ئەندامانی کۆمەڵەکە فڕینەوە ئاســمان دەیانزانی کە برا کوژراوەکانیان دەیانەوێت بفڕنەوە،ئەوان لە ئەرکەکەیان بەردەوامبوون.
کــاتێـك هێلیکۆپتێرێـك کەوتە خوارەوە و بیســـــت و پێنج وەگەڕخەری هێزی تایبەت لەگەڵ شـــەش ســـەربازی هێزی پارێزەرانی نیشـــتیمان مردن،تەواوی وەڵاتەکە خەمباربوون بەڵام شـــــانــــازیەکی گەورەیــان بەرامبەر ئــازایەتی ئەو نیشتیمانپەروەرە جەنگاوەرانە هەبوو.
لە هەندێك حاڵەتدا هەمووما ڕووبەڕووی کاتە تاریکەکان دەبینەوە لە ژیانماندا،ئەگەر بەهۆی مردنی خۆشەویستێکت نەبێت،شـــتێکی تر دێت ڕۆحت تێکدەشـــکێنێت و دەربارەی ئـایـنـدەت دوودڵـت دەکـات،لەم کـاتە تـاریکـانەدا،بڕۆ قوڵایی ناخت وە ببە بە باشترینی خۆت.

١. Cv-٢٢

# وانەی نۆیەم
# ئۆمێد بدە بە کەسانی تر

ئەگەر دەتەوێت جیهان بگۆڕیت

گۆرانی بڵێ کاتێک تا قورگت کەوتیتە ژێر گڵ

شـەو بایەك بە خێرایی سـی و دوو کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا لە زەریـاکەوە هەڵیکرد،مـانـگ دیـار نەبوو،هەورە نزمەکـان ئەسـتێرەکانیان شـاردبووە،من تاکو سـنگم لەناو قوڕ و لیتە دابووم،لە سـەرمەوە تـاکو پەنجەکـانی قـاچم بە قوڕ بوون،بەهۆیەوە نەمدەتوانی بەباشـی ببینم،تەنیا دەمتوانی قوتابیەکانی تر ببینم کە لەتەنیشـت منەوە ڕیزبوون لەناو چاڵەکەدا.

ئەو ڕۆژە چـوارشـەمەی "هەفـتەی جەهەنـمـی[١]" بـوو،وە ڕاهێنـانەکـانی هێزی تـایبەتی دەریـایی گەیشـبوونە زەویە بەنـاوبـانگەکـانی زەلکـاوەکـانی تیجوانـا[٢]،هەفتەی جەهەنەمی بەشـێکی کاریگەری ڕاهێنانەکانی سـەرەتای هێزی دەریایی بوو،شەش ڕۆژ بەبێ خەوتن،هەروەها بێزارکردنە نەبڕاوەکانی ڕاهێنەرەکـانیشـی لەگەڵبوو،لەم کـاتـانەدا،ڕاکردنی دوور و درێژ،مەلەکردن لە زەریادا،تێپەڕاندنی بەربەستەکان،ڕۆیشتنە سەرەوە لە گوریسێك،ڕاهێنانەکانی بەردەوامی جیمناستیك و سـەوڵلێـدان بە بەلەمێکی بچووکی "ئـای بی ئێس[٣]"مـان ئەنجـام دەدا،ئـامـانجی هەفتەی جەهەنەمی ئەوەبوو کە لاوازەکان دەربکات،ئەوانەی کە بەپێی پێویسـت بەهێز نین بۆ هێزی دەریـایی تـایبەت،بەپێی ئـامـارەکـان زۆربەی

١. Hell week
٢. Tijuana
٣. Inflatable boat small (IBS)

قوتابییەکان لە هەر کاتێك زیاتر لە هەفتەی جەهەنەمیەوە وازیان دەهێنا،وە چاڵی قوڕ و لیتە قورسترین بەشی ڕاهێنـــانەکـــانی قۆنـــاغەکە بوو،زەویەکـــانی زەلکـــاوی کە دەکەوتنە نێوان سان دییێگۆی باشوور و وەلاتی مەکسیك،ئەم زەویانە لە بەشی نزمتری سان دییێگۆ بوون بەم هۆیەوە ئاوە بەکـــارهـــاتووەکـــانی شـــــــارەکە دەڕژانە ئەم زەویـــانە کە پانتەییەکی زۆر بە قوڕ و لیتە دادەپۆشرا.

پێش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە،کۆمەڵەکەمان بەلەمە لاستیکیەکانی بە ســـــەوڵلێدان لە کۆڕۆنادۆوە تاکو زەویە داپۆشـــــراوەکان گواستەوە،هەرکە گەیشتین فەرمانیان پێدان کە بڕۆینە ناو قوڕەکە و پێشـــبڕکێی بەکۆمەڵ و پێشـــبڕکێی تاکەکەســـی ئەنجامبدەین تاکو جەســـــتەمان ســــارد و تەڕو بێتاقەت ببێت،تەواوی جەســـــتەمان بە قوڕ داپۆشـــــرابوو،ئەوەندەش خەســـــت بوو کە بۆ جوڵە لەناوی تەواو ماندوو و شــــەکەتی دەکردیت،وە ئیرادەی تاقی دەکردیتەوە بۆ بەردەوامبوون،ئەم بـــارودۆخە چەنـــدیـــن کـــاتـــژمـــێـــر درێـــژەی کـــێشـــــــا،لە شەوەکەدا،بەسەختی دەمانتوانی بجوڵێین لەبەر ماندووبوون و ڕەق بوونی ئێســـــکەکانمان لەبەر ســــــەرما،هەرکە خۆرئاوا بوو،پلەی گەرمی دابەزی،بایەکی ســـــــاردیش دەســـــتی بە هەڵکردن کرد،بارودۆخەکان بەرەو قورستر دەرۆیشتن،ورەمان بەخێرایی دادەبەزی،ئەمە تەنیا چوارشـــــەمە بوو،هەموومان دەمانزانی هێشـــــتا ســــێ ڕۆژی تری پڕ ئازار و ماندووبوون

لەبەردەممانە،ئەمە کاتی بینینی ڕاستییەکان بوو بۆ زۆربەی قوتابییەکان،لەرزینە کۆنترۆڵ نەکراوەکان،دەست و قاچی ئاوساو بەهۆی جوڵە،وە پێستمان ئەوەندە هەستیاربوو کە بچووکترین جوڵە ناڕەحەتی دەکردین و ئازاری دەداین،ئومێدمان بۆ تەواوکردنی ڕاهێنانەکان بەخێرای بەرەو نەماندەچوو.

یەکێك لە ڕاهێنەرەکان بەرەو چاڵەکە دەهات،هاتنی وەکو سێبەرێك دەبوو بەهۆی ڕووناکیەکانی شارەکە کە لە پشتەوەی بوون،بە دەنگێکی هاوڕێیانە بەدەنگ گەورەکەرەکە پێشنیاری پشوودانی بۆ ئەو قوتابیانەکرد کە لە ئازار دابوون،دەمانتوانی بەشداری ئەو لەگەڵ ڕاهێنەراکانی تر بکەین لەبەردەم ئاگرەکە،دەیگووت قاوەی گەرم و شۆربای مریشکم ئامادەکردووە،دەمانتوانی پشووبدەین تاکو خۆرهەڵاتن،قاچەکانمان درێژ بکەین و ئیسراحەت بدەین بە خۆمان.

دەمتوانی هەست بکەم کە هەندێك لە قوتابیانی تر ئامادەی قبوڵکردنی پێشنیارەکەی ئەون،لەدوای هەموو ئەمانە تاکو کەی دەمانتوانی لەناو قوڕەکەدا زیندوو بمێنینەوە؟ ئاگرێکی گەرم،قاوەیەکی گەرم،شۆربای مریشك،بەدڵنیاییەوە بە شتێکی باش دەچوون،بەڵام کاتی ڕاوکردنەکە هاتبوو،هەموو ئەوەی کە ئەو دەیویست پێنج کەس لە ئێمەبوو تاکو واز

بهێنن،تەنیا پێنج کەس پاشان ئەوانی تر دەتوانن پشوویەك بدەن.
ئەو قوتابیەی کە لە تەنیشت من بوو دەستیکرد بە ڕۆیشتن بۆلای ڕاهێنەرەکە،من قۆڵی ئەوم گرت و بە توندی ڕامگرت،بەڵام ویستی ئەو بۆ جێهێشتنی قوڕەکە زۆر گەورە بوو،خۆی لەچنگی من ئازاد کرد و ڕۆیشت بەرەو زەویە وشکەکە،دەمتوانی ڕاهێنەرەکە ببینم کە زەردەخەنەی دەکرد،دەیزانی کاتێك یەك پیاو وازدەهێنێت ئەوانی تریش شوێنی دەکەون.
لەناکاو،لەنێوان دەنگی بایەکەدا دەنگی گۆرانی گووتنێك هات،دەنگەکە ماندوو و نووساو بوو،بەڵام ئەوەندە بەرزبوو کە هەمووان دەیانتوانی گوێیان لێبێت،وشەکانی ئەوەندە خۆش نەبوون بۆ گوێلێگرتن،بەڵام هەمووان ئاوازەکەیان دەزانی،دەنگێك بوو بە دوو،دوو بوو بە سێ،زۆری پێنەچوو هەمووان گۆرانیان دەگووت.
ئەو قوتابیەی دەیویست بچێتە سەر زەویە وشکەکە گەڕایەوە بۆلای من،قۆڵی خستە ناو قۆڵم،ئەویش دەستی بە گۆرانی گووتن کرد،ڕاهێنەرەکە بە دەنگ گەورەکەرەکە هاواریکرد تاکو قوتابیان واز لە گۆرانی گووتن بهێنن،کەس گوێی پێنەدا،هاواریکرد بەسەر ڕابەری پۆلەکەدا تاکو قوتابییەکان کۆنترۆڵ بکات،گۆرانی گووتنەکە بەردەوامبوو،لەگەڵ هەر هۆشداریەکی ڕاهێنەرەکە،دەنگەکان بەرزتر

دەبوونەوە،پۆلەکە بەهێزتر بوو،ورەمان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو بارودۆخە دژوارە نەبەزێندراو بوو،لەناو تاریکیدا،کە دەمتوانی ڕووناکی ئاگرەکە ببینم لەسەر ڕووخساری ڕاهێنەرەکە،دەمتوانی بیبینم کە زەردەخەنەی دەکرد،دووبارە وانەیەکی گرینگ فێربووین:هێزی یەك کەس بۆ یەکگرتنی کۆمەڵەکە،هێزی یەك کەس بۆ ئیلهام بەخشین بە دەوروبەری و پێدانی ئومێد بەوان،ئەگەر ئەو یەك کەسە توانی گۆرانی بڵێت لە کاتێکدا تا ملی چۆتە ژێر قوڕ و لیتە،کەواتە ئێمەش دەمانتوانی،ئەگەر ئەو یەك کەسە توانای بەرگەگرتنی ئەو سەرمایەی هەبوو،کەواتە ئێمەش دەمانتوانی،ئەگەر ئەو یەك کەسە توانای بەردەوامبوونی هەبوو،کەواتە ئێمەش دەمانتوانی.

ژوورە گەورەکە لە ناوەندی هێزی ئاسمانی دۆڤەر پڕ ببوو لە خانەوادە خەمبارەکان،منداڵە دڵشکاوەکان دەگریان لەباوەش دایکیاندا،دایك و باوکان دەستی یەکتریان گربوو بەو ئومێدەی هێز لەیەکتر وەربگرن،وە هاوسەرانی سەربازەکان شێوەیەکی نائومێدی لەمێژینەیان پێوە دیاربوو،تەنیا پێنج ڕۆژ پێشتر،هێلیکۆپتەرێك کە سەربازانی هێزی دەریایی تایبەت و هێزی تایبەتی ئۆپەڕاسیۆنی ئەفغانستانی[1] تێدابوو،لە ئەفغانستان هێندرایە خوارەوە،تەواوی سی و هەشت سەرنشینەکانی هێلیکۆپتێرەکە کوژران،ئەمە یەکێك لە گەورەترین لەدەستدان بوو لە جەنگی دژی تیرۆردا،کەمتر

لە کاتژمێرێکدا،فڕۆکەی بارهەڵگری گەورەی سـی-١٧ لە ڕێگابوو تاکو لە ناوەندی ئاسمانی دۆڤەر بێتە خوارەوە،وە خانەوادەکانی قارەمانە کەوتووەکان یاوەری کران بۆ فڕۆکەخانەکە بۆ بینینی تابوتە بە ئاڵا داپۆشراوەکان،بەڵام کاتێك خانەوادەکان لە چاوەڕوانی دابوون،سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان،وەزیری بەرگری،ئەفسەرانی هێزی بەرگری و ئەفسەرە باڵاکانی سوپا هاتنە ژورەوە تاکو ڕێزی خۆیان بنوێنن و هاوخەمی خۆیان دەرببڕن.

من بەشداری زۆرم لەم جۆرە مەراسیمانەدا کردووە،هەرگیز ئاسان نەبووە،وە هەمیشە لە بیرکردنەوەدا بووم کە ئایا وشەکانم هیچ ئارامیەك دەبەخشن بە خانەوادە جەرگ سووتاوەکان یان خەمی لەدەستدانی ئەوان هیچ مەجالێکی نەهێشتۆتەوە بۆ تێگەیشتن لە وشەکانم،کاتێك من و هاوسەرەکەم جۆرجیان لەگەڵ خانەوادەکان قسەمان دەکرد تووشی کێشە دەبووم لە دەستنیشانکردنی وشەی دروست،چۆن توانیبام هاوسۆزی بکەم لەگەڵ ئازارەکەی ئەوان؟ چۆن توانیبام پێیان بڵێم کە قوربانیبوونی کوڕەکەیان،هاوسەرەکەیان،باوکیان،برایان،هاوڕێکەیان بەهاداربووە؟ من باشترین هەوڵی خۆمدا تاکو دڵنەواییان بدەم،لە باوەشم گرتن،لەگەڵ ئەواندا نزام بۆکردن،هەوڵم ئەدا بەهێز بمێنمەوە بۆ ئەوان،بەڵام دەمزانی وشەکانم بەشێوەی پێویست بەهێز نین،کاتێك لەلای خانمێکی پیر

چۆکم دادابوو،بینیم ئەو خانەوادەیەی لە تەنیشـــت منەوە بوون قسەیان لەگەڵ لیوای گشتی هێزی دەریایی دەکرد،"جـان کێڵی[١]"،یـاریـدەدەری وەزیری بەرگری،کێڵی کەســێکی باڵا بەرز و لاواز و خاوەن قژێکی خۆڵەمێشـــی بـوو،جلە تـایبەتیەکەی هێزی دەریـایی بە ڕێکی لەبەر کردبوو،خێزانەکە لە دەوری کۆببوونەوە،دەمتوانی ببینم هەستی هاوسۆزی کردنی کاریگەری لەسەر دایکان و باوکان و مـنـداڵەکـان هەبـوو،ئەو زەردەخەنەی دەکـرد،ئەوانـیـش زەردەخەنەیان دەکرد،ئەو باوەشـــی بەواندا دەکرد،ئەوانیش بەوەشـیان پێیدا دەکرد،ئەو دەسـتەکانی دەبردە پێشـەوە و ئەوانیش بەتونـدی دەیـانگرت،دوای قســەکردن لەگەڵ خێزانەکە و ســوپـاســکردنیـان بۆ ئەم قوربـانیـدانەی منـداڵەکـانیـان،کێڵی ڕۆیشـــت بۆلای خێزانێکی تر،دوای کاتژمێرێك کێڵی تەواوی خانەوادەکانی ژوورەکەی بینی،زیاتر لەهەر کەسێك لەو ڕۆژەدا قسەکانی جان کێڵی لە هەمووان زیاتر کاریگەری لەســەر خێزانەکان هەبوو،هەموو دایك و باوکێك،هەموو خوشك و برایەك،هەموو هاوڕێیەك،وشـەکانی ئەو جێگای تێگەیشـــتن بوو بۆ هەموویان،قســەکانی ئەو لەسەر بنەمای هاوسۆزی و ئومێد بوو.

تەنیـا جـان کێڵی دەیتوانی جیـاوازی دروســتبکـات لەو ڕۆژەدا،تەنـیـا جـان کـێـڵـی دەیـتـوانـی ئـومـێـد بـدات بە

١. John kelly

ئەوان،چوونکە تەنیا جان کێلّی دەیزانی هەستی لەدەستدانی کوڕێك چۆنە لە جەنگدا.
ئەفسەری پلە یەکی هێزی دەریایی "ڕابێرت کێلّی[١]"، لە ساڵی ٢٠١٠ لە ئەفغانســـتان کوژرا لە کاتی خزمەتکردن،جەنەڕاڵ کێلّی لەگەڵ خێزانەکەی دەســـــت و پەنجەیان نەرم دەکرد بەرامبەر ئەم لەدەســـــتدانە،وەکو خێزانەکانی ئەو ڕۆژەی دۆڤەر،بەلاّم خێزانەکەی کێلّی ســـــەرکەوتن،بەرگەی ئەو دڵ شــکان و هەســتی ئازارەیان گرت،تەنانەت خۆشــم وزەم لە ســـەیرکردنی جان کێلّی وەردەگرت لەو ڕۆژەدا،ڕاســـتیەکەی ئەوەیە کە بە لەدەستدانی سەربازێك تۆ لەگەڵ خانوادەکان هـاوســـۆزی دەکەیت بەلاّم دەترســـێیت لە ڕوودانی ئەم چارەنووسە بۆخۆشت،بیردەکەیتەوە ئایا بەرگەی لەدەستدانی منـدالّەکەت دەگریـت؟ یـان بیردەکەیتەوە خـانەوادەکەت چیدەکەن کاتێك تۆ نامێنیت؟ تۆ ئومێدت هەیە و نزا بۆ خودا دەکەیت کە لەگەڵت بەخشـــندەبێت و نەهێڵێت ئەم بارە باوەڕنەکراوە بخرێتە سەر شانەکانت.
ســـێ ســـاڵ دواتر من و جان کێلّی بووینە هاوڕێی نزیکی یەکتری،ئەو ئەفســەرێکی بەرچاو بوو،هاوســەرێکی بەهێز بۆ خێزانەکەی"کارێن[٢]"،وە باوکێکی خۆشـــەویســـت بۆ کچەکەی "کەیت[٣]" و کوڕە گەورەکەی کە ڕائیدی سـوپا بوو "جان کێلّی بچووك[٤]"،بەلاّم جان کێلّی بێ ئەوەی خۆشی هەستی پێبکات

١. Robert Kelly
٢. Karen
٣. Kate
٤. John Kelly jr

ئومێدی دەدا بە هەمووان،ئومێدێك كە وزەی پێدەداین لە تاریكترین كاتەكانی ژیانمان بوەستین لەبەردەم ئازار و نائومێدی و تورەیی،ئومێدێك كە بەهێزترمان بكات،
ئومێدێك كە لە ناخی هەمووماندا هەیە نەك تەنیا زیندوومان بهێڵێتەوە بەڵكو توانای بەردەوامی و ئیلهام بەخشین بە كەسانی ترمان پێدەبەخشێت،ئومێد بەتواناترین هێزە لە گەردووندا،لەگەڵ ئومێد دەتوانین ئیلهامی گەورەبوون بە میلەتەكان ببەخشین،لەگەڵ ئومێد دەتوانین چەوساوەكان هەڵبستێنینەوە،لەگەڵ ئومێد دەتوانین ئەو ئازارە لابەرین كە بەرگە نەگراوە،هەندێكجار هەموو ئەوەی پێویستە یەك كەسە تاكو جیاوازی دروستبكات،هەموومان ڕۆژێك خۆمان دەدۆزینەوە كە تاكو ملمان كەوتووینەتە ژێر قوڕ و لیتە،ئەو كاتە كاتی گۆرانی گووتنە بە بەرزی،كاتی زەردەخەنەیە،كاتی هەڵگرتنی ئەوانەی دەورووبەرتن،وە ئومێدیان پێبدەیت كە بەیانی باشتر دەبێت.

# وانەی دەیەم
# هەرگیز کۆڵمەدە!

ئەگەر دەتەوێت جیهان بگۆڕیت

هەرگیز،هەرگیز زەنگوڵەکە لێمەدە

من لەگەڵ ١٥٠ قوتابییەکەی تر وەستابووم لە یەکەم ڕۆژی ڕاهێنانەکانی هێزی دەریایی تایبەت،ڕاهێنەرەکە،کە پێڵاوی جەنگی و پانتۆڵێکی کورتی خاکی و تیشێرتێکی شین و زەردی لەبەربوو،لە جادەکە پەڕیەوە و ڕۆیشت بۆلای زەنگوڵە مسیە زەردەکە،لە شوێنێك هەڵواسرابوو کە هەموو قوتابیەکان دەیانتوانی بیبینن،دەستی بە قسەکردن کرد و گووتی"بەڕێزان،ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی ڕاهێنانەکانی هێزی دەریایی تایبەتە،لە شەش مانگی داهاتوودا ئێوە بە قورسترین ڕاهێنانەکانی هێزی سەربازی ئەمریکادا تێدەپەڕن"،سەیرێکی دەوروبەری خۆمم کرد،دەمتوانی ترس و نیگەرانی لەسەر ڕوخساری قوتابییەکانی تر ببینم،ڕاهێنەرەکە بەردەوامبوو و گووتی،"بەشێوەیەك تاقیدەکرێنەوە کە تا ئێستا بەم شێوەیە تاقینەکراونەتەوە"،کەمێك وەستا و سەیرێکی ئێمەی "بەچکە سەربازەکان"کرد،زەردەخەنەیەکی کرد و گووتی "زۆربەتان ناتوانن بەرگەبگرن،ئەتوانم بیبینم،من هەموو ئەوەی لەتوانام دایە دەیکەم تاکو ئێوە وازبهێنن"،ڕاهێنەرەکە جەختی لەسەر وشەکانی کۆتایی کردەوە،"بەبێ هیچ بەزەییەك ئازارتان دەدەم،دەتانشکێنمەوە لەبەردەم کۆمەڵەکەتان،پەستانێکتان دەخەمە سەر کە لە سنوور لایدابێت"،دواتر بە زەردەخەنەیەکەوە گووتی"ئازار دەچێژن،ئازارێکی زۆر زۆر"،پاشان ڕاهێنەرەکە پەتی

زەنگوڵەکەی گرت و لێیدا،دەنگەکەی بەهەموو لایەکدا بڵاوبوویەوە و گووتی،"ئەگەر حەزتان لە ئازار نییە،ئەگەر حەزتان لەم هەموو بێزارکردنە نییە،کەواتە ڕێگایەکی ئاسان هەیە بۆ ڕزگاربوون".دوبارە زەنگوڵەکەی لێدایەوە و شەپۆلێکی تری دەنگی کانزاکە بەناو باڵەخانەکاندا دەنگی دایەوە،گووتی"هەموو ئەوەی پێویستە کە بیکەن لێدانی ئەم زەنگوڵەیەیە بۆ سێجار،زەنگوڵەکە لێبدەن ئەگەر ناتانەوێت زوو لەخەو هەڵستن،زەنگوڵەکە لێبدەن تاکو چیتر ڕاکردنە درێژەکان،مەلەکردنە ساردەکان،یان تیپەڕاندنی بەربەستەکان نەکەن،زەنگوڵەکە لێبدەن تاکو لەم ئازارە دووربکەونەوە" ،ڕاهێنەرەکە سەیرێکی جادەکەی کردوو پێدەچوو پشوویەك بدات لە پێشکەشکردنی وتارەکەی،لە کۆتاییدا گووتی،"بەڵام ڕێگەبدەن شتێکتان پێبڵێم،ئەگەر کۆڵ بدەن،ئێوە تەواوی ژیانتان پەشیمان دەبنەوە،کۆڵدان هەرگیز شتەکان ئاسانتر ناکات".

دوای شەش مانگ،تەنیا سی و سێ کەس لە ئێمە گەیشتنە قۆناغی دەرچوون،هەندێکیان ڕێگا ئاسانەکەیان هەڵبژاردبوو بۆ ڕزگاربوون،ئەوان کۆڵیان دابوو،وە بەبڕوای من ڕاهێنەرەکە ڕاستی دەکرد،ئەوان باقی ژیانیان هەست بە پەشیمانی دەکەن،لە نێوان هەموو وانەکانی هێزی تایبەتی دەریایی کە فێربووم،ئەمەیان لە هەموویان گرینگتر بوو،هەرگیز

کۆڵمەدە،ئەم ڕستەیە ئەوەندە کاریگەر نایەتە بەرچاو،بەڵام ژیان دەتخاتە ناو بارودۆخێك کە وازهێنان ئاسانترە لە بەردەوامبوون،کاتێك ئەگەرەکان هەموویان دژی تۆن پێدەچێت وازهێنان شتێکی ئاقلانە بێت،لەماوەی پیشەگەریمدا،من ئیلهامم وەرگرتووە لە پیاوان و ژنانێك کە ڕەتیانکردۆتەوە کۆڵبدەن،ئەوانەی کە ڕەتیانکردۆتەوە بەزەییان بەخۆیاندا بێتەوە،بەڵام کەس ئەوەندەی کۆماندۆیەکی سوپای ئەمریکا ئیلهامی پێنەبەخشیوم کە لە نەخۆشخانەیەکدا بینیم لە ئەفغانستان.

ئێوارەیەکی درەنگ بوو،هەواڵم بۆهات یەکێك لە سەربازەکانم قاچی بەسەر مینێکدا داناوە و پێیدا تەقیوەتەوە،لەڕێگەی ئاسمانیەوە گواستراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی نزیك بارەگای سەرکردایەتیم،من و فەرماندەی هێزی کۆماندۆ،"عەقید ئێریك کوریلا[١]"،بەخێرایی بەرەو نەخۆشخانەکە بۆ ژووری سەربازەکە بەڕێکەوتین،سەربازەکە لەسەر تەختی نەخۆشخانەکە پاڵکەوتبوو،بۆڕیەك لە سنگ و دەمیدا جێگیر کرابوو،دەست و ڕووخساری بەهۆی تەقینەوەکە سووتابوو،بەتانیەکەی لەسەری لەو شوێنەوەی کە قاچەکانی دەبێت لێی بێت تەخت ببوو،ئێستا ژیانی بۆ هەمیشە گۆڕا ،بە شێوەیەکی نەژمێردراو من سەردانی نەخۆشخانەکانی جەنگیم کردووە

١. Erik kurila

لە ئەفغانستاندا،وەکو فەرماندەیەکی جەنگی دەبێت هەوڵبدەیت هەستی ئازارەکانی مرۆڤ بەڕووی خۆتدا نەهێنیت،خۆت دەزانیت ئەمە بەشێکی جەنگە،سەربازەکان برینداردەبن،سەربازەکان دەمرن،ئەگەر بهێڵیت هەر بڕیارێك کە دەیدەیت ئەگەرەکانی لەدەستانی ژیانێك دەستنیشان بکات کەواتە تۆ بە گەورەیی هەوڵدەدەیت کاریگەربیت.

هەرچەندە ئەو شەوە بۆمن جیاواز بوو،سەربازەکە زۆر گەنج بوو،گەنجتر لە دوو کوڕەکانم،ئەو نۆزدە ساڵ بوو و ناوی "ئادام بەیتس[١]" بوو،ئەو یەك هەفتە پێشتر بۆ ئەفغانستان نێردرابوو،ئەمەش یەکەمین ئەرکی بوو لە جەنگدا،من خۆم چەماندەوە و دەستم لە شانەکانیدا،لە شێوەدا هێمن و ناهۆشیار دیاربوو،من بۆ خولەکێك وەستام،کەمێك نزام بۆکرد،لەو کاتەدا کە ویستم ئەویَ جێبهێڵم پەرستارەکە هاتە ژورەوە تاکو پشکنین بۆ سەربازەکەم بکات،ئەو زەردەخەنەیەکی کرد،بارودۆخی سەربازەکەی پشکنی و لێی پرسیم کە ئایا هیچ پرسیارێکم هەیە لەسەر بارودۆخەکەی،ئەو پێی گووتم هەردووك قاچەکانی لێکراوەتەوە بەهۆی زیانە زۆرەکانی تەقینەوەکە،بەڵام چانسی زیندوو مانەوەی بەرزە،من سوپاسی پەرستارەکەم کرد کە بەباشی گرینگی بە کۆماندۆ بەیتس دەدا و پێم

١. Adam bates

گووت ئاگادارم بکەوە هەرکاتێك بەهۆش هاتەوە،ئەویش گووتی"ئۆو،ئەو هۆشیارە،شتێکی باشە کە قسەی لەگەڵ بکەیت".ئەو بە ئارامی سەربازە گەنجەکەی جوڵاند و ئەویش چاوەکانی کردەوە،زانی کە من لەوێم،پەرستارەکە گووتی"ئەو ناتوانێت ئێستا قسەبکات،بەڵام دایکی کەسێکی کەڕ بووە و ئاماژەکانی قسەکردن دەزانێت".پەرستارەکە کاغەزێکی پێدام کە زمانی ئاماژەکانی لەسەربوو.

من بۆ خولەکێك قسەمکرد،هەوڵمدەدا هێز بەدەست بێنم بۆ گووتنی شتە ڕاستەکە،چی بە پیاوێکی گەنج دەڵێیت کە هەردووك قاچەکانی لەدەستداوە لەپێناو خزمەتکردنی وەڵاتەکەی؟چیت دەگووت بۆ ئەوەی هەست بەباشی بکات لەسەر داهاتووەکەی؟ بەیتس،کە ڕووخساری بەهۆی تەقینەوەکە ئاوسابوو،چاوەکانی بە سەختی دەبیندران بەهۆی خوێن و لەفافە بەستراوەکان،سەیرێکی منی کرد،لەوانەیە هەستی بە بەزەیی پێداهاتنەوە کردبێت لە دەربڕینەکانمدا،دەستی بەرزکردەوە و ئاماژەی دا،سەیری هەر هێمایەکم دەکرد کە لەسەر کاغەزەکە بوون،بە هێواشی و بە ئازارەوە ئاماژەیدا،"من-باش-دەبم".وە پاشان ئەو خەوی لێکەوتەوە،کاتێك ئەو ئێوارەیە نەخۆشخانەکەم جیهێشت هیچ هاوکاریەکم لەدەست نەدەهات جگە لە گریان،لەنێوان سەدان پیاودا کە لە نەخۆشخانەدا قسەم لەگەڵ کردوون،هیچ

کامێکیان هەرگیز گلەییان نەکرد،تەنانەت یەك جاریش! ئەوان شانازیان بە خزمەتەکەیانەوە دەکرد،ئەوان چارەنووسی خۆیان قبوڵ کردبوو،وە هەموو ئەوەی کە دەیانویست ئەوەبوو بگەڕێنەوە بۆ کۆمەڵەکەیان،ویستیان لەگەڵ ئەو پیاوانەدا بن کە بەتەنیا جێیانهێشتوون،بەهەرشێوەیەك ئادام بەیتس پێشاندەری تەواوی پیاوەکانی پێش خۆی بوو.

دوای ساڵێك لە سەردانکردنم بۆ نەخۆشخانە لە ئەفغانستان،من لە ناوەندی فەرماندەیی حەفتاو پێنج لە هێزی کۆماندۆ بووم لە مەراسیمی ڕادەستکردنی فەرماندەیی[١]،لە نێو سەربازە وەستاوەکاندا ئادام بەیتسم بینی،زۆر جوان دیاربوو لەنێو جلە تایبەتەکانی و لەسەر دوو قاچی دەستکرد وەستابوو،من گوێم لێ بوو کە پێشبڕکێی خۆ ڕاکێشان بۆ سەرەوەی لەگەڵ چەندین سەربازە هاوڕێکانیدا کردووە،لەگەڵ ئەو هەمووەی کە پێیدا تێپەڕبووە-چەندین نەشتەرگەری و چاکبوونەوە ئازاربەخشەکەی و ڕاهاتن لەگەڵ ژیانێکی نوێ-ئەو هەرگیز کۆڵی نەدا،ئەو پێدەکەنی و زەردەخەنەی دەکرد و نووکتەی دەگێڕایەوە،وەکو ئەوەی بەڵێنی پێدابووم،(ئەو باشبوو!)

ژیان پڕییەتی لە کاتە سەختەکان،بەڵام لە دەرەوە کەسێك هەیە کە هەمیشە بارودۆخی لەتۆ خراپتر بووە،ئەگەر ڕۆژەکانت پڕبکەیتەوە بە بەزەیی بەخۆتدا هاتنەوە،خەفەت

١. Seventy-fifth ranger regimental change of command

خواردن لەو شـێوەیەی کە ڕەفتارت لەگەڵ دەکرێت،بۆڵەبۆڵی زۆر بکەیت لە ژیانتدا،ڕوووداوەکانی ژیانت بخەیتە ئەســـتۆی کەسـێك یان شـتێك،ئەوکات ژیانت درێژ و سـەخت دەبێت،لە لایەکەی تر،ئەگەر وازهێنان ڕەتبکەیتەوە لەپێناو گەیشتن بە خەونەکانت،لەبەردەم سـەختیەکان بوەسـتیت،ئەوکات ژیانت بەو شـــێوەیە دەبێـت کە ئەنجـامتـداوە،هەروەهـا دەتوانی گەورەی بکەیت،هەرگیز،هەرگیز زەنگوڵەکە لێمەدە!

لەبیرت بێـت.....هەر ڕۆژێـك دەســـتپێبکە بە ئەرکێکی تەواوکراو،کەســێك بدۆزەوە کە یارمەتیت بدات لە ژیاندا،ڕێز لە هەموو کەســـێك بگرە،بزانە کە ژیـان دادپەروەر نییە و زۆرجار شـــکســـت دێنیت،بەڵام ئەگەر هەندێك مەترســـی ئەنجام بدەیت،هەستیتەوە لە قورسترین کاتەکاندا،ڕووبەڕووی چەوسـێنەرەوەکان بیتەوە،شـکسـت خواردووەکان ڕابکێشـیتە ســـەرەوە،وە هەرگیـز،هەرگیز کۆڵ نەدەی،ئەگەر ئەمـانە ئەنجام بدەیت،کەواتە دەتوانیت ژیانت بگۆڕیت بۆ باشـــتر،وە لەوانەشە جیهان!

# زانکۆی تێکساس

## وتاری ئاهەنگی دەرچوون

٢٠١٤/٥/١٧

درووشـــمی زانکۆکە ئەمەیە "ئەمەی لێرەوە دەســـتپێدەکات جیهــان دەگۆڕێــت"،دەبێــت دانیپێــدابنێم من حەزم لەم درووشمەیە"ئەمەی لێرەوە دەستپێدەکات جیهان دەگۆڕێت".

ئەمشەو نزیکەی هەشت هەزار قوتابی لە زانکۆی تێکساس بـڕوانــامەی دەرچوون وەردەگرنەوە،ســــایتـی ask.com نموونەیەکی تەواوی شــیکاریەکانی خســـتەڕوو دەڵێت هەر ئەمریکیەك لە ژیانیدا نزیکەی دە هەزار کەس دەبینێت،ئەمە ژمارەیەکی زۆرە،بەڵام ئەگەر تۆ لەم ژمارەیە تەنیا ژیانی دە کەس بگۆڕیت،وە هەر یەك لەو دە کەســە ژیانی دە کەســی تر بگۆڕن-تەنیا دە کەس،بەم شێوەیە لە ماوەی پێنج نەوە -١٢٥ ســـاڵ-قوتـابیـانی ٢٠١٤ ژیـانی ٨٠٠ ملیۆن کەس دەگۆڕن.

هەشـــت ســـەد ملیۆن کەس،بیری لێبکەوە،دوو ئەوەنـدەی دانیشـــتوانی ویلایەتە یەکگرتوەکان،یەك نەوەی تر بڕۆ بۆ پێشەوە تاکو بتوانیت ژیانی تەواوی مرۆڤەکان بگۆڕیت

هەشت ملیار کەس،ئەگەر وا بیردەکەیتەوە گۆڕینی ژیانی دە کەس شــتێکی قورســە،گۆڕینی ژیانیان بۆ هەمیشــە،تۆ لە هەڵدایــت،من ئەمەم بینیوە هەموو ڕۆژێــك لە عێراق و ئەفغانستاندا،ئەفسەرێکی گەنجی سوپا لە کۆڵانەکانی بەغدا بڕیاریدا لەجیاتی ئەوەی بۆلای ڕاســـت بڕوات بۆلای چەپ ڕۆیشــت،لەئەنجامدا ژیانی دە ســەربازی لە هێرشــێکی بۆســە بــۆ دانــدراو ڕزگــارکــرد،لە پــارێــزگــای قەنــدەهــار لە ئەفغانســـتان،ئەفســـەرێك لە کۆمەڵەی چالاکی ئافرەتان هەستی کرد کە شتێك دروست نییە،دەستەی سەربازەکانی لە بۆمبێکی شاراوەی دووسەد و سی کیلۆیی دورخستەوە و ژیــانی دەرزەنێــك ســـەربــازی ڕزگــارکرد،بەڵام ئەگەر بیری لێبکەیتەوە تەنیــا ژیــانی ئەم ســـەربــازانەیــان ڕزگــار نەکردووە،بەڵکو ژیــانی منــداڵە لەدایــك نەبووەکــانیشـــیان ڕزگارکردووە،وە منداڵی منداڵەکانیشیان ڕزگارکردووە،چەندین نەوە ڕزگــارکراون بە یەك بڕیــار،لەلایەن یەك کەس،بەڵام گۆڕینی جیهان دەتوانـدرێت ڕووبدات لەهەر شـــوێنێك،هەر کەســـێك دەتوانێــت ئەنجــامی بــدات،کەواتە ئەوەی لێرەوە دەســـتپێدەکات دەتوانێت جیهان بگۆڕێت،بەڵام پرســـیارەکە ئەمەیە: جیهان چۆن دەبێت دوای ئەوەی تۆ گۆڕیت؟

باشـە،من دڵنیام کە زۆر زۆر باشـتر دێتە بەرچاو،بەڵام ئەگەر تۆ گاڵتەت بەم دەریاوانە پیرە کردووە بۆ ساتێکیش بێت،من

چەند پێشـــنیارێکم هەیە کە دەتوانێت یارمەتیت بدات لە ڕێگاکەت بۆ جیهانێکی باشـتر،وە من ئەم وانانە فێربووم لەو کاتەی لە ســوپا بووم،دەتوانم دڵنیات بکەمەوە ئەمە گرینگ نییە ئەگەر ڕۆژێکیش لە سـوپادا خزمەتت نەکردبێت لە جلە تـایبەتەکانی جەنگدا،گرینـگ نییە چ ڕەگەزێکیت،نەتەوەکەت یــان ئــایــیــنەکەت،حەزەکــانــت،یــاخــود پــێــگەی کۆمەڵایەتیـت،کێشــەکـانمـان لە جیهـانـدا وەکو یەکن و وانەکانیش بۆ سـەرکەوتن بەسـەر کێشـەکاندا و ڕۆیشـتن بۆ پێشـــەوە و گۆڕینی خۆمان و دەوروبەرمان بۆ هەموومان بە یەکســـانی جێبەجێدەکرێن،من لە هێزی تـایبەتی دەریـایی بووم بۆ ماوەی ســی و شــەش ســاڵ،بەڵام هەمووی لەوەوە دەســتیپێکرد کاتێك زانکۆی تێکســاســم جێهێشــت لەپێناو ڕاهێنانەکانی سەرەتایی هێزی دەریایی تایبەت،لە کۆڕۆنادۆی کالیفۆڕنیا،ڕاهێنانەکانی ســـەرەتایی پێکهاتوون لە شـــەش مانگی درێژ لە ڕاکردنە بە ئازارەکان لەســەر لمە نەرمەکە و مەلەکردنی نیوە شـــەو لە ئاوە ســـاردەکاندا، تێپەڕاندنی بەربەســتەکان،چالاکییە نەبڕاوەکانی جەســتە،هەندێك ڕۆژی بەبێ خەوتن،وە هەمیشـــە تەڕو ســـەرمـات بێـت و لە نەهامەتیدابیت،شــەش مانگە لە بێزارکردنە بەردەوامەکانی جەنگاوەرە لێهاتووەکان،ئەوانەی بەدوای مێشــك و جەســتەی لاوازدا دەگەڕێن تــاکو دەریــانبکەن لە دەریــاوانی،بەڵام هەروەها ئەوان بەدوای ئەو قوتابیانەدا دەگەڕێن کە دەتوانن

لە فشارە بەردەوامەکاندا،ئاژاوەکاندا،شکستەکاندا،وە سەخت هەوڵدانەکاندا،بارودۆخەکان بەڕێوە بەرن،بۆمن ڕاهێنانەکانی سەرەتایی هێزی دەریایی تایبەت،ژیانێك بوو لە ئاستەنگەکان کە کۆکرابوونەتەوە لە شەش مانگدا،کەواتە ئەمە دە وانەکەیە کە لە ڕاهێنانەکانی سەرەتایی هێزی دەریایی تایبەتدا فێربووم کە بە ئومێدەوە بەهادار دەبن بۆتۆ کاتێك ژیانت بەرەو پێشەوە دەڕوات.

هەموو ڕۆژێك بەیانیان لە ڕاهێنانەکانی سەرەتایی هێزی دەریایی تایبەتدا،ڕاهێنەرەکانم کە کۆنە سەربازی جەنگی ڤیەتنام بوون،لە سەربازگەکەدا ئامادەدەبوون ،وە یەکەمین شت کە دەیانپشکنی جێگای نووستنەکەت بوو،ئەگەر بە دروستی ئەنجامت دابا،گۆشەکان چوارگۆشەیی دەبوون،دەبوو سەرچەفەکان بە جوانی دانرابان بەبێ گنج،دەبوو سەرینەکەشت لە ناوەڕاستی جێگاکە دانابا و بەتانیە زیادەکەشت بە قەدکراوی لە سەر ئاسنی تەختەکەت دانابا،ئەمانە ئەرکی زۆر سادەبوون لە باشترین حاڵەتدا،بەڵام دەبوو هەموو بەیانیەك جێگای نووستنەکەمان بەشێوەیەکی ڕێك و پێك ڕێکخستبا،لەو کاتەدا کەمێك بە شتێکی گاڵتەجاڕی دەچوو،چونکە ئێمە هیوامان دەخواست ببین بە جەنگاوەری ڕاستەقینە،دەریاوانێکی جەنگی لێهاتوو،بەڵام ژێری ئەم ئەرکە سادەیە بۆمن چەندین جار سەلمێندراوە.

ئەگەر جێگای نووســـتنەکەت ڕێکبخەیت هەموو ڕۆژێك،تۆ یەکەمین ئەرکی ڕۆژەکەت ئەنجامداوە،هەســتێکی شــانازی بچووکت پێدەبەخشێت و هانت دەدا بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی تر،وە یەکێکی تر،وە یەکێکی تر،لە کۆتــایی ڕۆژەکەدا ئەو یەك ئەرکە کۆتـایی پێهاتووە دەگۆڕێت بۆ چەنـدین ئەرکی کۆتایی پێهاتوو،ڕێکخســـتنی شـــوێنی نووســـتنەکەت ئەو بیرۆکەیە بەهێز دەکات کە دەڵێت شـــتە بچووەکانیش لە ژیاندا گرینگن،ئەگەر نەتوانیت شتە بچووکەکان بە دروستی ئەنجام بدەیت،هەرگیز ناتوانیت شـتە گەورەکان بەدروسـتی ئەنجـام بـدەیـت،وە ئەگەر ڕۆژەکەت پڕ نەهـامەتی بوو و هــاتـیتە مــاڵەوە،بۆ ئەو شـــوێنـی نووســـتنەی کە تـۆ ڕێکتخستووە،ورەت پێدەدات کە بەیانی باشتر دەبێت.

## ئەگەر دەتەوێت جیهان بگۆڕیت،لەڕێکخســـتنی جێگای نووستنەکەتەوە دەستپێبکە!

لە ماوەی ڕاهێنانەکانی هێزی دەریایی تایبەتدا،قوتابیەکان جـیــادەکـرانەوە بـۆ چەنــد کـۆمەڵەیەك،هەر کـۆمەڵەیەك پێکهاتبوو لە حەوت قوتابی،لەســـەر بەلە لاســـتیکیەکە هەر لایەك سێ قوتابی بۆ سەوڵ لێدانی لێبوو،وە کەسێکیش ڕێ نیشـــــاندەر و بەرپرســـــی بەلەمەکە بوو،هەموو ڕۆژێـك کۆمەڵەکەت لە کەنـاراوەکە ئـامـادەدەبوون و فەرمـانتـان پێدەدرا لە ناوچە شەپۆلیەکاندا سەوڵ لێبدەن بۆ چەندین

کیلۆمەتر تاکو خوارەوەی کەنداوەکە، لە زستاندا،شەپۆلەکانی سـان دیێگۆ تاکو دوو مەتر و نیو بەرز دەبوونەوە،وە سـەوڵ لێدان لەناو شـەپۆلە شـکێنەرەکان شـتێکی دژوارە،مەگەر هەمووتان پێکەوە سـەوڵ لێبدەن،هەر سـەوڵ لێدانێك دەبێت هەمـاهەنـگ بێـت لەگەڵ ژمـاردنەکـانـی بەرپـرسـی بەلەمەکە،هەمووان دەبێت بە یەکسـانی هەوڵبدەن، ئەگەرنا بەلەمەکە لەسـەر شـەپۆلەکـان سـەراوژێر دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ کەناراوەکە،بۆ ئەوەی بەلەمەکە بگەیەندرێتە شوێنی مەبەست،دەبێت هەمووان سەوڵ لێبدەن ،تۆ ناتوانیت بەتەنیا جیهان بگۆڕیت،تۆ پێویسـتت بە هەندێك یارمەتی دەبێت،وە بۆ ڕۆیشـتن لە دەسـتپێك بۆ شـوێنی مەبەسـت پێویسـتـت بە هـاوڕێ،هـاوکـار،نیـازپـاکی کەسـانی نەناسراو،لەگەڵ ڕێ نیشاندەرێك دەبێت.

## ئەگەر دەتەوێت جیهان بگۆڕیت کەسـێک بدۆزەوە لە سەوڵ لێدان یارمەتیت بدات!

دوای چەنـد هەفـتەیەك لە ئـانـجـامـدانـی ڕاهـێـنـانە سـەختەکاندا،پۆلەکەم کە پێکهاتبوو لە ١٥٠ کەس دابەزی بۆ ٤٢ کەس،ئێسـتا شـەش بەلەممان هەبوو بە حەوت سـەرنشـینەوە،من لەناو بەلەمەکەم لەگەڵ چەند کەسانێکی بالآبەرز بووم،بەلاّم باشـترین بەلەمەوانەکانمان پێکهاتبوون لە پیـاوە بـالاّ کورتەکـان،ئێمە بەوانمـان دەگووت"دەسـتەی

کورتەبالآکان".هیچ کامێکیان بالآیان لە سەدو شەست و پێنج سانتیم زیاتر نەبوو،دەستەی بەلەمی کورتەبالآکان پێکهاتبوون لە هیندییەکی-ئەمریکی،ئەفریقییەکی-ئەمریکی،پۆڵەندییەکی-ئەمریکی،یۆنانییەکی-ئەمریکی، ئیتاڵییەکی-ئەمریکی،هەروەها دوو کەسی ڕۆژئاوای ناوەڕاستی ئەمریکا،ئەوان لە سەوڵ لێدان و ڕاکردن و مەلەکردندا لە هەموو کۆمەڵەکانی تر باشتربوون،پیاوانی بالآبەرزی بەلەمەکانی تر،هەمیشە گاڵتەیان بە پێلآوە بچووکەکانی مەلەکردنی ئەم پیاوانەیان دەکرد کە بۆ هەر مەلەکردنێك دەیان کردە قاچە بچووکەکانیان،بەلآم بەهەرشێوەیەك ئەم پیاوە بچووکانە لە هەر گۆشەیەکی ئەم وەلآتە و جیهانەوە،هەمیشە ئەوان لە کۆتاییدا پێدەکەنین،خێراتر لە هەمووان مەلەیان دەکرد و پێش هەموومان زووتر دەگەیشتنە کەناراوەکە،ڕاهێنانەکانی هێزی دەریایی تایبەت یەکسانکەرەوەیەکی گەورەبوو،هیچ شتێك گرینگ نەبوو جگە لە ئیرادەی خۆت بۆ سەرکەوتن،نەك نەتەوەکەت،نەك بڕوانامەکەت،وە هەروەها نەك پێگەی کۆمەلآیەتیت.

**ئەگەر دەتەوێت جیهان بگۆڕیت هەڵسەنگاندن بۆ کەسێک بکە بەپێی قەبارەی دڵی،نەوەک پێلآوەکانی مەلەکردنی!**

چەندین جار لە هەفتەیەکدا،ڕاهێنەرەکان قوتابییەکان ڕیزدەکەن و جلە تایبەتیەکانی دەریاوانیان دەپشکنن،ئەم کارە زۆر هەستیارانە بوو،کڵاوەکەت دەبێت بەباشی نیشاستەی لێدرابێت (تێکەڵەیەکی نیشاستە و ئاوە بۆ توندکردن و ڕەق کردنی جل و بەرگ بەکاردێت وەکو ئوتو وایە)وەرگێڕ،جلە تایبەتییەکانت دەبێت بەباشی ئوتو کرابن،مسی سەر پشتێنەکەشت دەبێت بریقەدار و بێ پەڵە بێت،بەڵام هیچ گرینگ نەبوو کە چەند کاتت داناوە بۆ نیشاستەکردنی کڵاوەکەت،یان ئوتوکردنی جلەکانت،یان چەند کاتت داناوە بۆ بریقەدار کردنی پشتێنەکەت،هەرگیز بە باشی دروست نەدەبوو،ڕاهێنەرەکان هەمیشە شتێکیان دەدۆزیەوە تاکو بیانووی پێبگرن،لە کاتی کەمتەرخەمی لەم کارەدا،قوتابییەکە دەبوو بە جلەکانیەوە ڕابکات بەرەو ناوچەی شەپۆلەکان،لە پەنجەی قاچەکانیەوە تاکو سەری تەڕببێت،پاشان خۆی لە لمەکە وەردابا تاکو هەموو جەستەی بە لم دادەپۆشرا،ئەم کارە پێیدەگوترا (کولیچەی بە شەکر)،باقی ڕۆژەکە بەم جلانەوە دەمایتەوە،سارد،تەڕ،لماوی. لەوێ زۆر قوتابی هەبوون کە نەیاندەتوانی ئەوە قبوڵ بکەن کە هەموو هەوڵدانەکانیان بێ ئەنجام بووە،هیچ گرینگ نەبوو کە چەند بە سەختی هەوڵیان دەدا جلەکانیان ڕێکبخەن،شتێکی پەسەند نەکراو بوو،ئەو قوتابیانە لە ڕاهێنانەکان سەرکەوتوو نەبوون،ئەوان هۆکاری ئەم

هونەرەیـان نەدەزانی،تۆ هەرگیز ســـەرکەوتوو نـابیـت،تۆ هەرگیز جلێکی بێ نەقس و ڕێك و پێکت نابێت،هەندێکجار گرینـگ نییە کە چەنـدە خۆت ئـامـادەکردووە یـان چەنـد بە باشـــی پێشـــکەشـــت کردووە لە کۆتاییدا هەر دەبیت بە (کولیچەی بەشەکر)،ئەمە تەنیا ڕێگای ژیانە هەندێکجار.

## ئەگەر دەتەوێت جیهان بگۆڕیت کولیچەی بەشـــەکر مەبە و بەردەوامبە لە ڕۆیشتن بۆ پێشەوە!

هەموو ڕۆژێـك لە مـاوەی ڕاهێنـانەکـانـدا دووچـاری چەنـدین ئاســـتەنگی چالاکی جەســـتەیی دەبووینەوە،ڕاکردنی درێژ مەودا،مەلەکردنی دوور و درێژ،تێپەڕاندنی بەربەســـتەکان،وە چەنـدین کـاتژمێر ڕاهێنـانی جیمنـاســـتیـك،هەنـدێکیـان دروســـتکراون بۆ تـاقیکردنەوەی ئـارامیـت،هەر یەکێکیـان پێوانەی خۆی هەبوو،وەکو ڕاهێنانە کات بۆ داندراوەکان،ئەگەر شـــکســـتت هێنابا لە ئەنجامدان بەپێی پێوانەکان ئەوا ناوت دەڕۆیشـــتە ناو کۆمەڵەیەکەوە،لە کۆتایی ڕۆژەکەدا ئەوانەی ناویان لە کۆمەڵەکەدا بوو بانگێشـــت دەکران بۆ ئەنجامدانی سـیرك،سـیرك ڕاهێنانێکی زیادەی دوو کاتژمێریە کە پڕیەتی لە چالاکی جەســـتەیی،دروســـت کراوە بۆ خوردکردنەوە و لەزەوی دانی تۆ،پەســـتانت دەخاتە ســـەر بۆ وازهێنان،هیچ کەسێك سیرکی نەدەویست،سیرك واتە تۆ نەگەیشتوویت بە ئەنجـامە پێوانەییەکـان،ســـیرك واتە مـانـدووبوونی زۆرتر،

ماندوبوونی زۆرتریش واتە باقی ڕۆژەکە قورستر دەبێت بۆ ڕاهێنانەکان ئەمەش واتای ئەوەیە سیرکی زۆرتری بەدوادا دێت،بەڵام هەندێکجار لە ماوەی ڕاهێنانەکاندا، هەموو کەسێك-هەموو کەسێك ناویان دەڕۆیشتە کۆمەڵەی سیرك،وە شتە سەرنجڕاکێشەکە ئەوەبوو ئەوانەی بە بەردەوامی لەناو سیرکدا بوون،زیاتر لە قوتابییەکانی تر چالاکی جەستەییان ئەنجام دەدا بۆ ماوەی دوو کاتژمێر،بەهێزتر و بەهێزتر دەبوون،ئازاری سیرکەکە هێزێکی ناوەکی دروستدەکرد،نەرمی جەستەیی زیاتر دەکرد(ڕاهێنانە قورسەکان ئاسانتر دەبوون[وەرگێڕ]) ژیان پڕیەتی لە سیرك،تۆ شکست دێنیت،دواتر شکستی زیاتر دێنیت،بە ئازار دەبێت،ورەت دادەبەزێنێت،لەو کاتانەدا بەقوڵایی ناخت تاقیدەکاتەوە.

## ئەگەر دەتەوێت جیهان بگۆڕیت،لە سیرک مەترسە!

بەلایەنی کەم دووجار لە هەفتەیەکدا،قوتابییەکان دەبوو ڕاهێنانی تێپەڕاندنی بەربەستەکانیان ئەنجامدابا،ئەم ڕاهێنانە بیست و پێنج بەربەستی تێدابوو،دیوارێکی سێ مەتری و تۆڕێکی بارگیری بە بەرزی نۆ مەتر و خشان لەژێر تەلی دڕکاوی،ئەمانە بەشێك بوون لە بەربەستەکان،بەڵام قورسترین بەربەست (خلیسکێنەی ژیان)بوو، بورجێکی سێ نهۆمی نۆ مەتری کە سەری پەتێکی پێوە گرێدرابوو وە

سەرەکەی تریش بە بورجێکی یەك نهۆمی گرێدرابوو،درێژی پەتەکە سی مەتر دەبوو،دەبوو لە بورجە سێ نهۆمیەکە سەرکەوتبایت،کە گەیشتیتە سەرەوە،پەتەکەت دەگرت و لەژێر پەتەکە خۆت شۆڕ دەکردەوە،بە دەستەکانت دەڕۆیشتیت تاکو دەگەیشتیت بە لایەکەی تر،ژمارەی پێوانەیی خلیسکێنەی ژیان بۆ چەند ساڵێك نەشکێندراو بوو تاکو کۆمەڵەکەی من هاتنە ناو ڕاهێنانەکان لە ١٩٧٧،ژمارەی پێوانەییەکە پێدەچوو نەبەزێندراو بێت،تا ڕۆژێك قوتابییەك بڕیاری دا سەراوسەر لە خلیسکێنەی ژیان تێپەڕبێت،لە جیاتی ئەوەی خۆی لەژێر پەتەکە شۆڕبکاتەوە و هێواش هێواش بڕوات،ئەو بە ئازایی ڕۆیشت بۆ سەر پەتەکە و سەری بۆ پێشەوە ئاڕاستەکرد،جوڵەیەکی مەترسیداربوو،بە شتێکی گەمژانە دەچوو،وە پڕ لە مەترسی،شکست واتە برینداربوون،دەبووە هۆی دەرکردن لە ڕاهێنانەکان،بەبێ دوودڵی،قوتابییەکە بە خێراییەکی زۆر لەسەر پەتەکە خۆی خلیسکاند بۆ خوارەوە،لەجیاتی ئەوەی بە چەند خولەکێك بگات،بە نیوەی کاتەکە گەیشت،لە کۆتایی ڕاهێنانەکە ئەو ژمارە پێوانەییەکەی شکاند (ئەو کەسە ئەدمیڕاڵ ویلیام بوو نووسەری کتێبەکە وەرگێڕ) .

**ئەگەر دەتەوێت جیهان بگۆڕیت،هەندێکجار پێویستە سەراوسەر لە بەربەستەکان بخلیسکێیتە خوارەوە!**

لە قۆناغی ڕاهێنانەکانی جەنگی زەمینی،قوتابییەکان بە فڕۆکە نێردرانە دوورگەی سان کلێمێنت،ئاوەکانی سان کلێمێنت شوێنی زاوزێی قرشە گەورە سپیەکان بوو، بۆ تێپەڕاندنی ڕاهێنانەکانی هێزی دەریایی تایبەت دەبێت چەند ڕاهێنانێکی مەلەکردنی درێژ مەودا تەواو بکەیت،دانەیەکیان مەلەکردنی شەوانە بوو،پێش مەلەکردنەکە ڕاهێنەرەکان بە خۆشحاڵیەوە زانیاریان لەسەر جۆری ئەو قرشانە دەدا بە قوتابییان کە لە ئاوەکانی سان کلێمێنتدا هەن،ئەوان دڵنیایان دەکردیتەوە،هەرچەندە هیچ قوتابییەك نەبووە لەلایەن قرشەکانەوە بخورێت-بەلایەنی کەمەوە ئێستا نا! بەڵام هەروەها پێت دەگووترێت ئەگەر قرشێك دەستی کرد بە سوڕانەوە بەدەوری تۆدا،لە شوێنی خۆت بمێنەوە،دوور مەکەوە،ترس لەخۆت بەدەرمەخە،وە ئەگەر قرشەکە برسی بوو بۆ نانی نیوەشەو،بۆلای تۆ هات،ئەوکات بەهەموو هێزی خۆت مشتێك بدە لە لمووزی،دواتر لێت دووردەکەوێتەوە،لە جیهاندا قرشێکی زۆر هەن،ئەگەر بەو ئومێدەوەیت کە مەلەکردن تەواو بکەیت،دەبێت لەگەڵ ئەواندا مامەڵە بکەیت.

**ئەگەر دەتەوێت جیهان بگۆڕیت،پشت لە قرشەکان مەکە!**

یەکێك لە ئەرکەکانی ئێمە وەکو ئەندامی هێزی دەریایی تایبەت ئەنجامدانی هێرشی ژێر ئاوە بۆ سەر کەشتییەکانی دووژمن،ڕاهێنانی ئەم شێوازەمان دەکرد بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ڕاهێنانەکانی سەرەتاییدا،لە ئەرکی هێرشکردنە سەر دووژمندا،چەند مەلەکەرێکێ ژێر ئاو لە بەندەری دووژمن بە درێژایی سێ هەزار و دووسەد مەتر بەژێرئاودا مەلەییان دەکرد،کە هیچ شتێکیان پێنەبوو جگە لە قوڵی پێوێك و قیبلە نەماییەك بۆ گەیشتن بە ئامانج،لەماوەی مەلەکردنەکەدا،لەژێر ئاوەکادا ڕووناکیەکی زۆر کەم هەیە،تەنیا بۆ ئەوەیە بزانیت ئاوێك لەسەر سەرتان هەیە،بەڵام کاتێك گەیشتیتە کەشتییەکە،کە بە ئەسکەلەکەوە لەنگەر کراوە،ڕووناکی بەرەو نەمان دەچیت،پۆلای بەدەنەی کەشتییەکە ڕێگری لە ڕووناکی مانگ دەکات،ڕێگری لە ڕووناکی گڵۆپەکانی سەر شەقام دەکات،ڕێگری لە هەموو شەپۆلەکانی ڕووناکی دەکات،بۆسەرکەوتن لە ئەرکەکەتدا،دەبێت لەژێر ئاوەکە مەلە بکەیت و خۆت بگەیەنیتە ستوونی ژێر کەشتییەکە،کە هێڵێکی ناوەڕاستە و قوڵترین بەشی ژێر کەشتییەکەیە،ئەمە ئامانجی تۆیە،شوێنێك کە ناتوانیت دەستەکانیشت ببینیت لەبەردەم ڕووخسارت،شوێنێك کە لەبەر دەنگی مەکینەی کەشتییەکە گوێت لە هیچ شتێك نابێت،شوێنێك کە بە ئاسانی دەتوانی تووشی سەر لێشێوان و شکست ببیت.

هەموو دەریاوانێکی هێزی تایبەتی دەریایی دەزانێت لە ژێر ستوونەکە،لە تاریکترین ساتەکانی ئەرکەکەدا،ئەو کاتەیە کە دەبێت ئارام بیت-بەسەر خۆتدا زاڵبیت-کاتێکە کە دەبێت تەواوی بەهرەکانی سەربازیت،هێزی جەستەیت،وە لەگەڵ هێزی ناخت بەکاربهێنیت.

## ئەگەر دەتەوێت جیهان بگۆڕیت،باشترینی خۆتبە لە تاریکترین کاتەکاندا!

هەفتەی نۆیەمی ڕاهێنانەکان پێی دەگوترێت هەفتەی جەهەنەمی،شەش ڕۆژی بەبێ خەوتنە،پێکهاتووە لە بێزارکردنی جەستەیی و دەروونی لەلایەن ڕاهێنەرەکانەوە،وە ڕۆژێکی تایبەتیش لە زەوییە قوڕ و لیتاوەکان،ئەم زەوییانە دەکەونە ناوچەی نێوان سان دییگۆ و تیجوانا،کە ئاوی لێیە و لە حاڵەتی جوڵەدایە،ناوچەیەکی زەلکاویە کە قوڕ و لیتەکەی هەر شتێك قووت دەدات،لە چوارشەممەی هەفتەی جەهەنەمی دەبێت بڕۆیتە ئەو زەویانە و هەوڵبدەی پازدە کاتژمێری داهاتوو زیندوو بمێنیت لەناو قوڕ و لیتاوە زۆر ساردەکاندا،بایەکی سارد و فشارە بەردەوامەکانی ڕاهێنانەکان بۆ سەرت،تاکو وازبهێنی،خۆر خەریکی ئاوابوون دەبوو ئەو ئێوارەیە،بەهۆی ئەوەی پۆلەکەم چەند یاساییەکی ڕوونیان شکاندبوو،فەرمانمان پێدرا بڕۆینە ناو قوڕەکە، قوڕەکە هەموو پیاوەکانی هەرس دەکرد هەتاکو هیچ شتێك

دیارنەدەما جگە لە سـەرمان،ڕاهێنەرەکان گووتیان ئەگەر تەنیا پێنج کەس لە ئێوە کۆڵبدات ئەوا دەتوانن لە قوڕەکەدا بێنە دەرەوە،تەنیا پێنج کەس تاکو لەم سـەرمایە بێبەزەییە ڕزگارمان بێت ،کاتێك سـەیری دەوروبەرمم کرد،دەمتوانی ببینم کە هەندێك قوتابی بڕیاریان داوە وازبهێنن،هێشـتا هەشت کاتژمێری مابوو بۆ خۆرهەڵاتن،هەشت کاتژمێری تر لەم سـەرمایەدا کە ئێسـکەکانت ڕەق دەکات،لەبەر دەنگی بەریەککەوتنی ددانەکانی قوتابیەکان و ناڵەکردنیان لە سەرماکەدا نەتدەتوانی گوێت لە هیچ شتێکی تربێت،وە لەو کاتەدا دەنگێك لە تاریکی شـەودا دەنگی دەدایەوە،دەنگێك کە گـۆرانی دەگـووت،گـۆرانیەکە زۆر بە ناخـۆشـی دەگووترا،بەڵام بە ورەیەکی بەرزەوە دەخوێندرا،دەنگێك بوو بە دووان،دووان بوو بە سـێیان،پاش کەمێکی تر تەواوی پۆلەکە دەسـتیکرد بە گۆرانی گووتن،دەمانزانی ئەگەر یەك پیاو بتوانێت لە نەهامەتیدا هەستێتەوە،کەواتە کەسانی تریش دەتوانن،ڕاهێنەرەکان هەڕەشـەیان لێدەکردین ئەگەر بەردەوامبین لە گۆرانی گووتن ئەوا کـاتی زیـاتر لەنـاو قـوڕەکەدا بەسـەر دەبەیـن،بەڵام گـۆرانـی گـووتـنەکە بەردەوامبوو،بەشـێوەیەك پێدەچوو قوڕەکە کەمێك گەرمتر بێت،بایەکەش ئارامتربێت،وە بۆ خۆرهەڵاتنیش زۆری نەمابوو ئەگەر ئەو شتەی من فێری بووبم لە گەشتکردنمدا بەدەوری جیهـانـدا،ئەویـش هـێـزی هـیـوا دەبـوو،هـێـزی یەك

کەس،واشـــینگتۆن[١]،لینکۆڵن[٢]،کینگ،ماندێلا،وە تەنانەت ئەو کچە گەنجەی پاکســـتان مەلالا،یەك کەس دەتوانێت جیهان بگۆڕێت بە هیوا بەخشین بە کەسانی تر.

## ئەگەر دەتەوێت جیهان بگۆڕیت،کاتێک تا قوڕگت کەوتیتە ژێر قوڕ و لیتە گۆرانی بڵێ!

لە کۆتاییدا،لە ڕاهێنانەکانی هێزی دەریایی تایبەت،زەنگوڵەیەك هەیە،زەنگوڵەیەکی لە مس دروستکراو کە لە ناوەڕاستی شوێنەکەدا دانرابوو تاکو هەموو قوتابییەکان بتوانن بیبینن،هەموو ئەوەی پێویستە کە بیکەیت بۆ وازهێنان ئەوەیە زەنگوڵەکە لێبدەیت،زەنگوڵەکە لێبدە تاکو چیتر پێویست نەکات پێنجی بەیانی لەخەو هەڵبستیت،زەنگوڵەکە لێبدە تاکو چیتر پێویست نەکات مەلەبکەیت لە ئاوە ساردەکاندا،زەنگوڵەکە لێبدە تاکو چیتر پێویست نەکات ڕابکەیت،بەربەستەکان تێپەڕێنیت،وە چیتر پێویست ناکات بەقورسی هەوڵبدەیت لە ڕاهێنانەکاندا،تەنیا زەنگوڵەکە لێبدە.

## ئەگەر دەتەوێت جیهان بگۆڕیت،هەرگیز زەنگوڵەکە لێمەدە!

١. George Washington
٢. Abraham lincoln

دەرچووانی ٢٠١٤،ئێوە چەنــد ســــــاتێکی کەم دوورن لە وەرگرتنەوەی بڕوانامەکانتان،چەند ســــاتێکی کەم دوورن لە دەســـتپێکی گەشــتی ژیانتان،چەند ســاتێکی کەم دوورن لە دەستپێکردن بە گۆڕینی جیهان بۆ شوێنێکی باشتر،ئەم کارە ئاســـان نابێت،هەر ڕۆژێك دەســـتپێبکە بە ئەرکێکی کۆتایی پێهێندراو،کەســــێك بدۆزەوە یارمەتیت بدات لە ژیاندا،ڕێز لە هەموو کەسێك بگرە،بزانە کە ژیان دادپەروەر نییە و زۆرجار تووشی شکست دەبیت،بەڵام ئەگەر هەندێك مەترسی قبوڵ بــکەیــت،هەڵــبســـــتـیــتەوە کــاتــێــك کــاتەکــان قورســـترینن،چەوســـێنەرەوەکان لەزەوی بدەیت،شــکســـت خــواردووەکــان هەڵــبســـــتــێـنیــتەوە،وە هەرگــیــز،هەرگــیــز کۆڵنەدەیت،ئەگەر ئەمانەت ئەنجامدا،ئەوکات نەوەی داهاتوو و نەوەی دوای ئەو باشتر دەبێت لەوەی کە ئێستا ئێمە تێیدا هەین،ئەوەی ئێســتا ئێمە دەســتپێدەکەین،جیهان دەگۆڕێت بۆ شوێنێکی باشتر.

وەرگێڕ:هیوادارم چێژتــان لە خوێنــدنەوەی ئەم کتێبە وەرگرتبێــت،ئەوەی لەم کتێبەدا فێری بووین ئەوەبوو کە هەرگیز،هەرگیز کۆڵنەدەین،گرینگ نییە کە ئایا هیچ ڕۆژێك لە مەیدانی جەنگدا خزمەتمان کردووە یاخود نا،گرینگ نییە ســـەر بەچی ئایینێکین ،گرینگ نییە لە چ شـــوێنێکی ئەم دنــیــایەدایــن،گــریــنــگ نــیــیە لەچــی پــێــگەیەکــی کۆمەڵاییەتیدایــن،وانەکانی ئەم کتێبە بۆ هەمووموان وەکو یەکن،هەمووومان بە یەکســـانی تاقیدەکرێینەوە،گەنجەکان هیوای داهـاتوون،ئێوە لە داهـاتوودا کۆنتڕۆڵی ئەم جیهـانە دەگرنە دەســت،ئێمە بەیەکەوە دەتوانین ئەم جیهانە باشــتر بکەین،بەیەکەوە هەوڵدەدەین باشــترینی خۆمان پێشــکەش بکەین لەم ماوەی ژیانماندا،تۆ کە ئەمە دەخوێنیتەوە نازانیت کە چەندە بەهێز و خاوەن ئیرادەییت تا لە ناوچەی سەلامەتت نەچیتە دەرەوە،هەرگیز،هەرگیز هێزی یەك کەس بەکەم مەزانە بۆ گۆڕینی جیهان،ئەگەر یەك کەس توانی ئەنجامی بــدات کەواتە ئەوانــی تــریــش دەتــوانــن ئەنــجــامــی بدەن،ڕێگاکەمان ئاســـان نییە،هەرگیز ئاســـان نەبووە،بەڵام هیچ شـــتێك بەهێز نییە ئەوەنـدەی (هیوا و بـاوەڕەکـان)ی کەســــێـك،هــیــچ یەکــێــکــمــان پــارێــزراو نــیــن لەبەردەم تـاقیکردنەوەکـانی ژیان،هەنـدێك جار گرینگ نییە کە چەنـدە بەباشی خۆمان ئامادە کردووە لە کۆتاییدا هەمووومان دەبین

بە کولیچەی بەشـــەکر،لەم کاتانەدا دەبێت بەو پەڕی بڕوا بەخۆبوونەوە هەڵبســتینەوە،ئەگەر حەوت جار کەوتیت بۆ جاری هەشـتەم هەســتەوە،با کۆڵدان و وازهێنان هەرگیز بەشـــێك نەبێت لە هەڵبژاردنەکان،مێژوو تەنیا ئەوانەی بەبیردێتەوە کە کـاری گەورەیـان ئەنجـام داوە،بەیەکەوە دەتوانین ببین بە بەشـێك لە یادگاریەکانی مێژوو،بەیەکەوە بەرەو ئاییندەیەکی گەش.

**میلاد ئالان حەسەن**

William H. Mcraven

# MAKE YOUR BED

Little things that can change your life…and maybe the world

**Translated by**

**Milad Alan**